# کۆنگرە

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٥٢ نەورۆزی ٢٧١٠ ی کوردی

خەبات لەپێناو
دامەزراندنی کوردستانێکی
ئازاد و دیمۆکرات و
سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 52, March 2010


## نامەی سەرئاواڵەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بۆ سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان!

"ل ١٧"



وتووێژ لەگەڵ فەیلەسووف د. حسێن خەلیقی

"ل ٩"



پارێزەر ژیر: دوو پەیام بۆ نەورۆز

"ل ١٤"



پەیامی نەورۆزی سەرۆکی KNC

"ل ٢"



د. جەمال نەبەز: مێژووی پەیدابوون و، رۆڵی "لۆبی" (Lobby) بۆ کورد!

"ل ٣"

## لە یادی ٢٢ ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵبجە و، کارەساتی ئەنفالدا، کورد شایی و لۆغان و رەشبەڵەک، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراق دەگێڕێت!!

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال!**

٢٢ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن رژێمی رەگەزپەرستی عێراقەوە تێپەربوو. ئەورِۆکە لە بارودۆخێکدا یادی هەڵەبجە دەکەینەوە، کە دەنگوباسی گەندەڵی و دزیکردن و پاوانخوازی و تاڵانکردنی داهات و بووجەی جەماوەری.

"بۆ لاپەڕە ٧"

پەیامی نەورۆزی دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ............ "ل ١٦"



نزار محەممەد:

رۆژاڤای کوردستان، دورگەیەک بۆ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ

"ل ١٨"

**پەیامی فدراسیۆنی سەرتاسەریی یارسان، سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراق!**

"ل ٢١"

ئاریا موکریانی:

## تاوان چییە و، تاوانبار کێیە!

"ل ٢٢"

نیگۆدین حوسێنی:

## نەورۆز و و باکووری کوردستان!

"ل ٢٤"

موحسین جوامێر:

## دوای هەڵبژاردن، مامجەلاڵ، عەرەبایەتیی دەکات

"ل ٢٦"



**نەتەوەی ولاتپارێزی کورد!**

**هاوولاتیانی کوردستان!**

**سەرەتا بەبۆنەی هاتنی نەورۆز، جێژنی لەمێژینەی کوردەوارییەوە، جوانترین و گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم. هیوادارم نەورۆزی ئەمساڵ لە شادی و سەرکەوتندا تێپەربکەن.**

## هاونیشتمانانی هێژا!

ساڵی رابوردووشمان لەبندەستی و نەهامەتیدا تێپەرکرد و پێماننایە ساڵی ٢٧١٠ی کوردییەوە. لەساڵی رابوردووشدا، لە بارودۆخی کورد هیچ نەگۆرا و داگیرکەرانی کوردستان بەردەوامبوون لە پێرەوکردنی سیاسەتی تۆقاندن و گرتن و ئازار و شکەنجە و سێدارە و تیرۆری رۆڵەکانی نەتەوەکەمان و، تالانکردنی کانزا و سەروەت و سامانی کوردەواریی.

لەئالیی نێوخۆییشەوە، پارتی و حیزبەکانی کلاسیک و دەسەلاتدار و ناسراوی کورد، بەردەوامبوون لەسەر پێرەوکردنی بیروباوەری نانەتەوەییانە و سەرقاڵکردن و، فریودانی گەلی کورد، بە هەڵبژاردنی گوایە مێژوویی عێراق و دروشمی درۆزنانەی فیدراڵی و دیمۆکراتی لە چوارچێوەی ئێران وتورکیا و سووریا و عێراقدا.

لەساڵی رابوردوودا، لەئاکامی گەندەڵیی ئیداری و سیاسەتی هەڵەی دوو حیزبە دەسەلاتدارەکەی باشوور و تووناکردنی بووجەی کۆمەلانی رەشورووت و ئەنفالليدراوی کورد، **بزووتنەوەی گۆران** سەریهەڵدا و، لەماوەیەکی کەمدا، جەماوەرێکی زۆری لەخۆی کۆکردەوە کە لەشێوازی بەرێوەبردنی سیاسەتی هەڵەی دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە نارازین. بزووتنەوەی گۆران، ئەورۆکە بووە بەجێی هیوای خەڵکی هەژار و ئازادیخوازانی کورد. هیوادارین بزووتنەوەی گۆران، بریاری گۆرانێکی گەورەتری مێژوویی و نەتەوەیی بدا و، پلانی رزگارکردنی باشووری کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دابرێژێت. لەم پێناوەشدا، هەموو زانایان و نیشتمانپەروەران و تێکرای جەماوەری تینووی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، دەکەن بە دۆست و لایەنگر و پشتیوانی خۆیان.

## نەتەوەی بەرێزی کورد و، کوردستانیانی بەرۆمەت!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، دەزگەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، کە بۆ ئازادیی کورد لە بندەستی و رزگارکردنی کوردستان لەژێر چنگی داگیرکەرانی خوێنرێژی دامەزراوە. کۆنگرە پێگە و سەکۆ و دەنگی هەموو رۆڵەیەکی دڵسۆزی گەلەکەمانە کە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و پێشکەوتوو و، سەربەخۆ تێدەکۆشن. هاوکاری و هاوخەباتیی هەموو نیشتمانپەروەران و، رێکخراوە و، کەسایەتیی کورد و کوردستانیی، گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزمان دەستەبەر دەکات.

**لە کۆتاییدا، جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی ٢٧١٠ی کوردی لە بنەماڵەی شەهیدان، لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لە زیندانەکانی رژێمەکانی داگیرکەر لەژێر ئەشکەنجە و بارودۆخی نامرۆڤانەدان، لە هەموو کوردستانیانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر پیرۆز دەکەم.**

**هیوادارم ساڵی نوێ، بێتە ساڵی تەبایی و ئاشتی و یەکگرتن و، ساڵی رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت.**

**بژی نەورۆز، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**براتان: جەواد مەلا**

**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠/٣/٢٠١٠ ی زایینیی، (مانگی نەورۆزی ٢٧١٠ی کوردی).**

# چەند پرسیارێک لە مامۆستا جەمال نەبەز، سەبارەت بە Lobby (لۆبی/لابی)

سازدانی: سیروان کاوسی




وشەی Lobby (لابی/لۆبی)، ماوەی یەکدووساڵێکە، هاتووەتە نێو وێژەی سیاسیی کوردییەوە و، لە ڕاگەیاندنی کوردیی- بەتایبەتیی لە میدیای حیزبەکانی دەسەڵاتداری باشووری کوردستاندا، چەند جارێک بەنیوەچڵی و لاوازییەوە باس لە پێویستیی سازکردنی لۆبیی کورد لەدەرەوەی وڵات کراوە. بۆ زانینی ڕاست و دروستی ئەم بابەتە، چەند پرسیارێکم ئاراستەی زانای گەورەی گەلەکەمان مامۆستا جەمال نەبەز کردووە، کە سەرنجی ئێوەی هێژای بۆ ڕادەکێشم.

**پ: وشەی‌لابی، یان لۆبی لەچییەوە هاتووە؟**

**و:** وشەی Lobby "لۆبی"، یان "لابی، بەپێی گۆڕانی جۆری دەربڕینی وشەکە، لە زمانانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزیدا، لەبنەڕەتەوە لەوشەی "لۆبیا" Lobia ی لاتینیی ناقینەوە وەرگیراوە کە مانای "کەپر" و "گالەری "Galerie/gallery و هەیوان دەگەیەنێ. ئینگیزەکان "لابی" بۆ ئەو دالانەی پەرلەمان بەکار دەبەن کە لەوێدا، پەرلەمانتارەکان لەگەڵ هەڵبژێرەکانیاندا، واتە ئەوانەی خاوەنی دەنگن، یان ئەو کۆمەڵ و دەستانەی کە خاوەنی بەرژەوەندین، وەک سەندیکاکان، چاویان بەیەکدەکەوێ و بیروباوەڕ دەگۆڕنەوە. هەروەها لۆبی (لابی)، بۆ ئەو کۆمەڵ و دەستە خاوەن بەرژەوەندییانەش بەکاردەبرێ کە هەوڵدەدەن کار بکەنەسەر بڕیار و دەنگی پەرلەمانتارەکان، لەکاتی دەنگداندا بۆ پرۆژەیەک لە پەرلەمان.

**پ: مێژووی دروستبوونی ئەم بیرۆکەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**و:** ئەوەتەی سیستەمی پەرلەمانی لە بەریتانیا و، ئەوجا لە ئەمریکا هەیە، لۆبیش دەستیبەکار کردووە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە پەرلەمانتارەکان کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و، خەڵکەکەش، کە مافی دەنگدان وهەڵبژاردنیان هەیە، دەیانەوێ بزانن نوێنەرەکانیان چەدەکەن بۆیان و، بیروڕای خۆیانیان تێدەگەیەنن و پێیانڕادەگەیەنن، ئەگەر بەقسەیان نەکەن و، بەرژەوەندییان نەگرنە بەرچاو، ئەوا جارەکی دی دەنگنادەن بۆیان و هەڵیاننابژێرنەوە. ئەمەش، لەبەر ئەوەی لە وڵاتە دیمۆکراتەکاندا، هەڵبژاردن لەکەشوهەوایەکی ئازاددا بەڕێوەدەچی و، حکوومەت لەلایەن پەرلەمانەوە، بەپێی دەنگەکانی ئەو لایەنانەی کە بەژمارە زۆرترین دەنگیانهێناوە، دەستنیشاندەکرێ، ئەوا دەسەڵاتپێدراوان ناچارن کە گوێشلکەن بۆ سەرنج و بیروڕاو بەرژەوەندییەکانی خەڵک. کەواتە لۆبی/لابی کاتێک دەکەویتەکار، کە ئەوانەی خاوەنبەرژەوەندیین، بەقسەیانبکرێ و کەڵکێک بگەیەندرێ پێیان، ئەگەرنا، لەهەڵبژاردنی نوێدا دەنگنادەنەوە بۆیان، یان هەڵیاننەبژێرنەوە.

**پ: ئایە بەڕاستیی "لابی" دەتوانێت بەکردەوە لەسیاسەت و ئابووریدا ڕۆڵ بگێڕێت، یان لەلایەن کۆمەڵێک سیاسەتکار و دیپلۆماتی وڵاتانی ڕۆژاڤاییەوە، دامەزراوەیەکە بۆ بڕینی گیرفانی**

**ئۆپۆزسیۆن و سەرمایەدار و کۆمپانیا و شیرکەتەکانی بازرگانیی لە ولاتانی پاشکەوتوو کە بە جیهانی سێیەم نێوناسکراون ...؟**

**و:** لۆبی نێو پەرلەمان، یان حکوومەتی ولاتێک، دەتوانێ کاربکاتە سەر رەوتی ئابووریی و رامیاریی ئەو ولاتە چ بەرەو نێوەوە و چ بەرەوە دەرەوە، بەلام، لۆبیگێرەکان دەبێ خۆیان، یان لەنێو حکوومەتدابن، یان لەنێو پەرلەماندا بن و پێوەندییەکی بازرگانی، یان رامیاریی، یان کەسێتییان بە لایەنێکی نێوەوە، یان دەرەوە هەبێ کە بیانەوێ بۆ بەرژەوەندیی ئەو لایەنە، بریارێکی پەرلەمان، یان حکوومەت بهێننەکایە، یان بیکەن بە مەرجێک بتوانن هەڵوێست و پێشنیازی خۆیان بەشێوەیەکی ژیربێژانە بخەنە بەرچاو، کە ئەو پێشنیازە، یان ئەو داوایە. سووتێکی زۆری بۆ ئەو حکوومەتە، یان ئەو دەوڵەتە هەیە و، ئەگەر پێرەویی نەکرێ، ئەوا زیانی دەبێ. بۆوێنە: پاش ئەوەی لەشکری سەددام لە کوێت دەرپەرێندرا و گەرایەوە بۆ عێراق و کوردستان و گەلرەوەکە روویدا، **خانمی دانیال میتران** کاریکردە سەر رەحمەتی **فرانسوا میترانی مێردی کە سەرکۆماری فەرەنسا و کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی گەورە بوو،** داوایکردلێی کارێک بۆ کورد بکا. ئەویش توانی **جۆن مێیجەر سەرۆکوەزیرانی ئەوسەردەمەی بەریتانیا** رازیبکا بەوەی دامەزراندنی **"نەوای ئارام"** بۆ کورد، خزمەتێکە بۆ بەرژەوەندیی بەریتانیا و فەرەنسا و دەولەتانی رۆژاوا. جۆن مێجەریش، کاربەدەستانی ئەمریکای دابینکرد بەسووتی ئەو پرۆژەیە بۆیان و، ئەوە بوو **"نەوای ئارام"**، بەدەنگی کۆمەڵەی **نەتەوە یەکگرتووەکان** دامەزرا و دەشتوانرا ببێتە هەنگاوێک بۆ سەربەخۆیی، بەلایەنیکەمەوە لە باشووری کوردستاندا، بەلام شەرەقۆچی پارتی و یەکێتیی و دواکەوتنی بەرژەوەندیی بنەماڵەیان و پێوەندییان بەدەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە، ئەو هەلەی لەدەست کورددا. جووەکانیش کە لە ئەمریکا بەژمارە زۆر و لە کۆنگرێس و دەزگەی دەولەتاندا کاربەدەستی گەورەن و لە دیاریکردنی رەوتی رامیاریی ئەمریکادا نەخشێکی بەرچاویان هەیە و، هەر لۆبیی ئەوانیش بوو کە رێیانگرت لەوەی کۆنگرەی ئەمریکا گەلکوژیی ئەرمەنییەکان بەدەستی ترک، وەک گەلکوژیی بناسێ.

**پ: ئەگەر بوونی لۆبی بەگرنگ بزانین، کورد چۆن دەتوانێت لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیدا، سوود لە لۆبی وەربگرێت؟**

**و:** دیارە بوونی لۆبی بۆ کورد شتێکی گرنگە. زۆرجاریش باسی ئەوەدەکرێ کە کورد لۆبی نییە. راستە کورد لۆبی نییە و، ئەوانەی کە ئەو قسەیەش دەکەن، لام وایە نازانن لۆبی چۆن دروست دەبێ. بۆ ئەوەی کورد لۆبی هەبێ، دەبێ جارێ



نوێنەرێکی هەبێ. ئەو نوێنەرە دەبێ، یان لەشێوەی دەوڵەتێکدابێ، کە کورد نییەتی، یان لەشێوەی نیوچە دەوڵەتێکدا **کە کورد "خوانەبێری"، دوو نیوچە دەوڵەتی هەیە، کە لەلایەن دوو بنەماڵەوە دەبرێن بەرێوە، کە ئەوانیش دوو بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە.** بۆوێنە، لەکاتێکدا کە **کاک مەسعوود بارزانی،** جاروبارە دەبێژێ کورد مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێ، بەلام ئێستە کاتی نییە و، جارێ دەبێ کورد لەسنووری عێراقدا بمێنێتەوە، **جەلال**

**تاڵەبانی** گاڵتەی بەبیرۆکەی دامەزراندنی دەولەتی کوردی دێ و، بەخەونی شۆڤێنیستەکان و هۆزانڤانەکانی دەداتەقەڵەم. لەبەر ئەوە ئەگەر بێتو دەوڵەتێک، یان چەنددەوڵەتێک لەم جیهانەدا هەبن، کە بەرژەوەندییان بخوازێ پشتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، یان داخوازییەکی کورد بگرن، ئەوا ناتوانن باسی بکەن، چۆنکە کە نوێنەرەکانی کورد هەموو پێکەوە داوای نەکەن، یان لەدژی بن، ئیدی هەرکەسێکی بیانی باسی بکا، ناماقووڵی دەمێنێتەوەبۆی. پاشان، بۆراکێشانی سەرنجی دەوڵەتێک، یان پەرلەمانی وڵاتێک، یان کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان، یان پەرلەمانی ئەورووپا بۆ کێشەی کورد، دەبێ لەلایەن کەسانێکەوەبێ کە خۆیان بەشداربن لەسیستەمی ئەو دەولەتە، یان ئەو پەرلەمانەدا، ئەگەرنا هەزاران کۆمەڵ بەنێوی **"مافی مرۆڤ"**، یان ئەوانەی خاوەنی **خەڵاتی نۆبێلن**، یان کەسانێ کە ناسراون، داوای مافی کورد بکەن، ئەوە لە کارکردێکی ڕیکلامی پتر، شتێکی دیکەی لێدەرناچێ. خۆئەگەر لۆبی بە نامەنووسین و قسەکردنی رووت بوایە، ئەوا **هاوبیری هێژا هەندازیار بروسک ئیبراهیم، لەماوەی ئەم چل ساڵەی دواییدا، سەدان نامەی بەهێزوپێزی نووسیوە، چ بۆ سەرکردە و کاربەدەستانی جیهان و، چ بۆ ڕۆژنامە بەنێوبانگەکان و، سەرنجی ڕاکێشاون بۆ ئەوە سەربەخۆیی کوردستان خزمەتێکە بەئاشتیی جیهان. یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا (Nukse) لەماوەی ژیانی ١٣ ساڵەیدا (١٩٦٥- ١٩٧٨) گەورەترین چالاکیی نواند لەم رووەوە. بەڵام هەرکارێکی دەکرد، لەلایەن "حیزبە کوردییەکان" ی چەقەنەلێدەری رژێمی تێرۆریستی سۆڤێتەوە، بەربەرەکانێ دەکرا. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیش کە ئەوە ٢٥ ساڵە بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشێ، لەلایەن حیزبە بنەماڵەییەکانەوە بەربەرەکانێدەکرێ. ئیدی کورد چۆن دەتوانێ لۆبی دروستبکا؟**

**کەسانێکی نەزان و خۆبزێن هەن، دەڵێن ئەگەر حکوومەتی هەرێم چەند ملیۆنێک دۆلار تەرخانبکا بۆ بانگێشتنی کاربەدەستانی دەوڵەتەکان و پێوەندیکردن پێیانەوە، لۆبی بۆ کوردستان دروستدەبێ.** بێگومان ئەوە خەیاڵی خاوە و، مەبەستیان تەنێ پڕکردنی گیرفانی خۆیانە، ئەگەرنا، هەتا کورد لەم حیزبحێزبێنە و بنەماڵەبنەماڵێنەیە ڕزگاری نەبێ و، نوێنەرێتییەکی هەڵبژێردراوی بەشێوەیەک نەبێ کە خەڵکی


**دەڵێن حکوومەتی هەرێم لە بەرلین نوێنەرێتیی هەیە، کە کاک دڵشادی برای کاک مەسعوود، نوێنەری ئەو حکوومەتەیە، بەڵام هەتا ئێستە کە ئێستەیە، ئەم نوێنەرێتییە یەک کۆبوونەوەی ناحیزبیی بۆ کوردەکانی ئەڵمانیا نەکردووە. بێجگە لە چەند کەسێکی کەمی، سەر بە حیزبی خۆیان، هیچ کوردێک نازانێ شوێنی ئەم نوێنەرێتییە لە کوێیە، کە بە پارەی کورد دەچێ بەڕێوە. کە بپرسیت لێیان، ئەرێ ئەوە نێونیشانی، "سەفارەتی کورد" چییە؟ دەفەرموون "ئەوە نهێنییە!". ئەمەش بابەتێکە لە بابەتەکانی گاڵتەی ڕۆژگار....!**


کوردستان و کوردی دەرەوە بە نوێنەری خۆیانی بناسن، لۆبی دروست نابێ.

**با ئەڵمانیا بکەین بە نموونە: لە ئەڵمانیا نێزیکەی ملوێنێک کورد دەژین، کە ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهۆی منداڵبوونەوە فرەتر دەبێ. ئەگەر ئەمانە ڕێکبخرێن و دەسەڵاتێکی ئابووری و دەنگدانیان هەبێ، ئەوا دەتوانن ببنە لۆبی کورد.**

دەڵێن حکوومەتی هەرێم لە بەرلین نوێنەرێتیی هەیە، کە کاک دڵشادی برای کاک مەسعوود، نوێنەری ئەو حکوومەتەیە، بەڵام هەتا ئێستە کە ئێستەیە، ئەم نوێنەرێتییە یەک کۆبوونەوەی ناحیزبیی بۆ کوردەکانی ئەڵمانیا نەکردووە. بێجگە لە چەند کەسێکی کەمی، سەر بە حیزبی خۆیان، هیچ کوردێک نازانێ شوێنی ئەم نوێنەرێتییە لە کوێیە، کە بە پارەی کورد دەچێ بەڕێوە. کە بپرسیت لێیان، ئەرێ ئەوە نێونیشانی، **"سەفارەتی کورد"** چییە؟ دەفەرموون **"ئەوە نهێنییە!"**. ئەمەش بابەتێکە لە بابەتەکانی گاڵتەی ڕۆژگار.

هێندەک لەکاربەدەستانی هەرێم، لۆبی بەوە دەزانن کەسانێکی بیانی لەدەرەوەی وڵاتەوە بانگێشتبکەن بۆ کوردستان و، وەک کوردەکە دەڵێ **"لە پلاو و گۆشتیان بگرن"** و دیاریی بەنرخیان بدەنێ وخانووە ٧ – ٨ نهۆمییەکان و، بازاڕە مۆدێرنەکانیان پیشانبدەن و، ئەوانیش بۆ **"بەرەواکردنی"** خواردن و دیارییەکان، پەسنی

"پێشکەوتنەکانی هەرێم" بدەن، بەڵام ئەمە، نەک هەر لۆبی نییە، بەڵکو لەبەردانی سەرمایەی کوردە و هیچی دی. کاربەدەستانی حکوومەتێکی بیانی، یان پەرلەمانتارەکانیان، کاتێک دەتوانن رۆڵی لۆبی بگێرن بۆ کورد، کە کورد پێوەندییەکی ئابووریی بەهێزی هەبێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، بۆ وێنە: بیست کۆمپانیای ئەو وڵاتە لە کوردستان نیشتەجێبن و خەریکی بەرهەمهێنان بن و سەرمایەیەکی زۆریان لە کوردستان خستبێتەکار و ئەو کۆمپانیا و نێوەندە ئابوورییانەش لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەسەڵاتیان هەبێ و قسەیان بروا و، ئەگەر تووشی زیانی ئابووریی، یان نابووتی بێن، هەزاران کارکەر بێکار بمێننەوە و بینەبار بەسەر دەوڵەتەکەیان و حکوومەتەکەیانەوە، ئەودەمە لۆبی دروستدەبێ.

کاربەدەستانی هەرێم دەبێ ئەوە بزانن کە دەوڵەتە سەرمایەدارە خاوەن پیشەسازییەکان، هەر هێندە گرنگیی بە کورد دەدەن، کە کەڵکوەربگرن لێی. کە لەپاش رووخانی رژێمی سەددامەوە، جاروبار زمانیان تەتەڵە دەکا و وشەی **"هەرێمی کوردستان"** بەدەمیاندادێ، لەبەر ئەوەیە کە عێراق ناچاربووە وشەی **"هەرێمی کوردستان"** کە تەنێ 40%ی خاکی باشووری کوردستانە، بە هەرێمی کوردستان نێوبنێ، ئەمەش تاکەی؟ هەتا ئەو کاتەی عێراق لەشکری بەهێزی دەبێ. کە دەوڵەتە چاوچنۆکەکانیش، لە هەرێمدا کۆنسلخانە دەکەنەوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئارامیی لە بەغدا نییە، ئەگەرنا بۆ ماوەی رۆژێکیش رووباننەدەکردە هەولێر. هەموو چاوەڕوانی ئەوەن عێراق بکەوێتەوە ژێردەستی کەسێک، یان حیزبێک کە دایبمرکێنێ و، بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە بپارێزێ. **کە ئۆباما لەگەڵ کاک مەسعوود بارزانی دادەنیشێ، لەژوورێکی چەپەکی کۆشکی سپیدا، بێ هیچ پرۆتۆکۆلێک، بۆ ئەوەیە کە کاک مەسعوود، هەوڵی رازیکردنی دڵی بەعسییەکان و عەرەبەکانی دیکە بدا، بەباسنەکردنی کەرکووک و نیوچەداگیرکراوەکانی دیکە، نەک بۆ پاراستنی مافی کورد.** ئۆباما هەر لەژوورێکی ئاوادا، بەخێرهاتنی دەڵای لاماشی کرد، بێئەوەی هیچ بەڵێنێکی پێبدا. بەڵام وەک هەڕەشەیەک بۆ کاربەدەستانی چین کە خاکی تیبێتیان داگیرکردووە و، **دەڵای لاما** بە **"جیابوونەوەخواز"** دادەنێن، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە داگیرکەرانی کوردستان، هەوڵی سەربەخۆکردنی کوردستان بە **"جیابوونەوەخوازی"** دادەنێن.

ئەوە بوو **لەکاتی ئەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ کاک مەسعوود و دەڵای لاما، ئاڵای کوردستان و ئاڵای تیبت پێشاننەدران و، هیچ کۆنفرانسێکیش بۆ دەزگەکانی راگەیاندن نەبەسترا، کەچی لە گەلێک لاوە دەبیسترا کە ئەمریکا بەڵێنی داوە بەکورد پشتگیریی داخوازییەکانی بکا.**

**بەشمەینەتیی کورد لەوەدایە کە خوێنەوارەکانی سەر بە چینی هۆردەبۆرژوای گەندەڵ و فرەڕوو و هەلپەرستن. لێرەدا مەبەستم چینە، نەک تاکە تاکەی خوێندەواران، کە لەنێویاندا مرۆڤی رۆشنبیر و خۆنەفرۆش و بەوێژدان هەن، لەبەر ئەوە، تا جڵەوی کاروباری رامیاریی کورد بەدەست ئەم چینەوە بێ، کورد نەک هەر لۆبی نابێ و بەس، بەڵکو ئەگەر نانێکیشی هەبێ، ئەوا نانەکەی، نابێ بە ئاو.**

**بەرلین، مارتی ٢٠١٠**

## رانانی پەرتۆک

**چاپی دووەمی پەرتۆکی "ئەفیون، Drag، تلیاک"، لەنووسینی سیروان کاوسی، مانگی گەلاوێژ (August)ی ساڵی 2009 لەشێوەی پەرتۆک، لەوڵاتی نۆروێژ لەچاپدراوە. ئەم پەرتۆکە، کورتەیەک لە مێژووی مادەسڕکەرەکان لەجیهان و، رۆژهەڵاتی ناڤین باسدەکات، ئەوجا بەدووروودرێژیی، سەبارەت بە مێژووی دیاردەی مادەهۆشبەرەکان لە ئێران و، کاریگەریی ئەم مادەیە لەسەر لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەکۆمەڵگەی ئێران دەدوێ. بەشێکی دیکەی پەرتۆکەکە، تایبەتە بە سیاسەتی رژێمی ئێران لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان، لەپێوەندیی لەگەڵ مادەی بێهۆشمەنیدا.**

**نووسەر لە ئامادەکردنی ئەم پەرتۆکەیدا، پشتی بە چەندین بەڵگەنامە و، سەرچاوە بەستووە.**

**هەر بەڕێزێک خوازیاری خوێندنەوەیەتی، دەتوانێت لەرێگەی ئەم e-post ەی لەخوارە، داوای بکات:**

post@kncsite.com



# لە یادی ٢٢ ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و، کارەساتی ئەنفالدا، کورد، شایی و لۆغان و رەشبەڵەک، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراق دەگێڕێت!؟

## هاونیشتمانانی بەڕێز!
## بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال!

٢٢ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن رژێمی رەگەزپەرستی عێراقەوە تێپەربوو. ئەورۆکە لە یادی هەڵەبجە دەکەینەوە، کە دەنگوباسی گەندەڵی و دزیکردن و پاوانخوازی و تالانکردنی داهات و بووجەی جەماوەری رەشورووت و ئەنفاللێدراوی کورد، لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، سنوورەکانی کوردستانیان تێپەڕکردووە.

پاش ٢٢ ساڵ، یادی هەڵەبجە لە بارودۆخێکدا دەکەینەوە، کە عەرەبی سوننە و شیعە لەم عێراقە نوێیەی کە بەشەونخوونی و ماندووبوونی لەرادەبەدری (پارتی و یەکێتیی) سازکرایەوە، لە شوێنەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقدا، چاودێرانی کورد بەزۆر دەردەکەن و، دەنگەکانی کورد دەسووتێنن و، ئاڵای کوردستان دێننەخوارەوە و، لە کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکان، پیلان لەدژی کورد و داخوازییەکانی دەگێڕن.

ئەگەر سەرکردەکانی کورد خاوەنی هەست و باوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی بوایەتن، ئەوکات کە هەرێمی کوردستان کەوتە ژێرچاوەدێریکردنی راستەوخۆی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە و، **"هەرێمی ئاسایش"** دانرا، دەیانتوانی حکوومەت و پەرلەمانێک دامەزرێنن کەبەدەنگدانی جەماوەری باشووری کوردستان هاتبێتەسەرکار. لەشکر و بووجەی کوردستان و ئاسایش و پەروەردە و ..هتد، یان لەدەست حیزب دەهێنایەدەرەوە و، دەیانخستە خزمەتی حکوومەتەوە، ئەوجا، زۆر بەهاسانیی دەیانتوانی کێشەی لەمێژینەی کورد و **پرسی هەڵەبجە و ئەنفال**، بەرنە نێو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و، داوای راپرسییەکی گشتیی بکەن، کە لەژێر چاودێریی UN ئەنجامبدرێ، بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ئازادی و سەربەستیی تەواودا، دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات. ئەمە نەک کارێکی گران و دژوار نەبوو، بەڵکو هەموو ئەو نەتەوانەی کە بەوێنەی کورد کارەساتیان بەسەرهاتبوو، سوودیان لە دۆخ و هەلی سیاسیی گونجاو وەرگرت و، سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. بەڵام سەرکردەکانی پارتی و یەکێتیی، لەپاش رووخانی سەددام، لەپێناو پلەوپارە، ئەو هەلە گەورەیان لەکیس کوردا و، ئێستێ دەبێ لە بەغداوە چاوەڕوانی ئەوە لە عەرەبەکان بکەین، رێز لەیاسا بگرن و، هەستی مرۆڤی و ویژدانیان بجووڵێ و، وەک رابوردوو، غەدرمان لێنەکەن.

**دانانی سەرزارەکیی ژمارەیەک عەرەبی دەسەڵاتداری عێراقی، بە قڕکردنی هەڵەبجە و ناسینی وەک جێنۆساید، بۆ ئەوەیە دەوڵەتی عێراق، بەبەخشینی هێندێک یارمەتیی دارایی بە کورد، دەرگەی ئەو کێشەیە لەچاو دنیای دەرەوە و، نێوخۆدا دابخا و، رایبگەیەنێت کە پرسی هەڵەبجە کۆتاییهاتووە و، زیانلێکەوتوانی قەرەبوو کراونەتەوە. ئێدی ناوی ئێران و پارتی و یەکێتی کە رۆڵیان لە ئەنجامدانی تاوانەکە هەبوو، هەروەها ناوی ئەو دەوڵەت و کۆمپانیا بیانییانەی کە لەسازکردنی چەکی کۆمەڵکوژدا یارمەتیی رژێمی سەددامی گۆڕبەگۆڕیاندا، هەرهەمووی دەکرێت بە ژێر خۆڵی بینای کۆشکوتەلار و شاری خەونەکانی سەرکردەکانی باشوورەوە و، کورد بەوە دڵخۆشدەکەن، کە بڕەپارەیەکیان لە حکوومەتی عێراقەوە بڕیوەتەوە بۆ هەڵەبجە و، لەباتی ئەم سەرکەوتنەگەورەیەش بۆ کورد دەستیانخستووە، دەبێ بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان و بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجە، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لەرۆژنامەکانەوە سوپاسیان لێبکەن!!**

**جێی داخێکی گەورەیە، پاش ٢٢ ساڵ، شاهیدی شایی  ولۆغان و رەشبەڵەکگێڕانی حیزبەکانین، بەبۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقەوە. حیزب و پارتە سیاسییەکان، هەر بەرە و لایەنێکیان، لە دهۆڵی سەرکەوتن دەدا و، لایەنەکەی دیکەی کورد بە ژێرکەوتوو ناودەبات، بەڵام لەڕاستیدا، ئەوە شایی وهەڵپەڕکێی ژێردەستییە و، گەلێکی بندەستی نیشتمانداگیرکراو، هەرهەمووی بندەست و ژێرکەوتووە.**

چارەسەریی ئەم قوڕبەسەری و دۆخە شڵەژاوەی کە لەسایی حیزبپەرستی و دەستەودەستەگەرێتی و بیروباوەڕی نانەتەوەییەوە بەسەر گۆڕەپانی خەباتی رزگاری نیشتمانیی کورددا داسەپاوە، تەنیا بەدەستی کورد خۆی و، لە ئەنجامی گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە هزرو تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەییدایە، کە دەیخاتە سەر رێبازی راستینە و گەیشتن بە



سەرفرازی و بەختەوەریی. ئەمەش بێگومان، ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی هەموو کوردێکی خاوەنویژدان و بەرۆمەت و پاکژ و خاوەن بیروباوەڕی نەتەوەییە، کە بەبێ ماندووبوون بۆ هۆشیارکردنی نەتەوەکەی لەڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە تێبکۆشێ و، بەڕاشکاوی و بەبێترس، بانگی ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەهەموو کوردستان و جیهاندا بڵاوبکاتەوە.

**لەساڵرۆژی ٢٢ ساڵەی شەهیدکرانی هەڵەبجەدا، هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**هەر شەکاوەبێت، ئاڵای بەرز و پیرۆزی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

16/3/2010

# وتووێژ له گه‌ڵ فه‌یله‌سووف و کۆمه‌ڵناسی کورد، دوکتۆر حسێنی خه‌لیقی، سه‌باره‌ت به‌ فه‌لسه‌فه‌!

سازدان و ئاماده‌کردنی:
سیروان کاوسی

**پ(١) – وشه‌ی فه‌لسه‌فه‌ له‌چییه‌وه‌ هاتووه‌ و، ئه‌م وشه‌یه‌ له‌سه‌ره‌تاوه‌ له‌ چ زمانێکه‌وه‌ وه‌رگیراوه‌؟**

**و:** وشه‌ی فه‌لسه‌فه‌ له‌ ئاوێته‌ی "فیلۆسوفیا" Philosophia وه‌ هاتووه‌، به‌واتای زانستدۆسته‌ له‌ یۆنانه‌وه‌ سه‌ریهه‌ڵداوه‌. فه‌لسه‌فه‌ به‌ری تێرامانه‌ و ئه‌مه‌ش تایبه‌تمه‌ندیی مرۆڤه‌. ئه‌م دیارده‌یه‌، مه‌یدانی به‌بیرمه‌ندان دا، چه‌ند پرسیار سه‌باره‌ت به‌ ده‌وروبه‌ر و جیهانی به‌رفراوان و ئه‌گه‌ری بوونی نادیار، بهاروورژێنن، به‌ڵام به‌دوای وه‌ڵامه‌کانیاندا بگه‌ڕێن.

**پ (٢) - فه‌لسه‌فه‌ له‌ چییه‌وه‌ ده‌دوێ؟**

**و:** فه‌لسه‌فه‌، شێوازێکه‌ له‌ شێوازه‌کانی بیداری کۆمه‌ڵایه‌تی وچوارچێوه‌یه‌کی رێکوپێک له‌ چه‌مکه‌ گشتییه‌کان سه‌باره‌ت به‌ جیهان وپله‌ی مرۆڤ له‌ جیهاندا و(لای خوداپه‌رستان سه‌باره‌ت به‌ بوونی خودا)نوێنه‌رایه‌تی ده‌کا. به‌م جۆره‌ ته‌وه‌ره‌ی باسه‌که‌ی سێ شته‌: مرۆڤ ، جیهان وخودا. باشترین شێوه‌ بۆ نزیک بوونه‌وه‌ له‌ فه‌لسه‌فه‌، بریتییه‌ له‌گه‌ڵاڵه‌کردنی چه‌ند پرسیاری گرنگی وه‌ک: **جیهان له‌ کوێیه‌وه‌ هاتووه‌؟ ئایا له‌ پشتی رووداوه‌کانه‌وه‌، ئامانج وئیراده‌یه‌ک خۆی حه‌شارداوه‌؟ ئایا دوای مردن، ژیانێکی دیکه‌ هه‌یه‌؟ به‌خته‌وه‌ری کامه‌یه‌؟ چلۆن ده‌بێ بژین؟** و.. وه‌ڵامدانه‌وه‌ی رێکوپێک به‌م جۆره‌ پرسیارانه‌، ئه‌رکی فه‌لسه‌فه‌و فیلسوفه‌. له‌ راستیدا، گۆڕانکارییه‌کانی ده‌وروبه‌ر وهه‌ستپێکراو، ده‌بوونه‌ هۆی تێرامان وهه‌ڵوه‌دابوون به‌ دوای، دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و گه‌وهه‌ره‌دا که‌ سه‌ره‌ڕای گۆڕان، بوونی خۆی ده‌پارێزێ. **ناسینی فه‌لسه‌فی: گشت ئێمه‌ له‌ره‌وتی ژیاندا به‌هۆی کۆی**



**ئیدراکه‌کان وسۆزگه‌لیک که‌ وه‌ده‌ستیان دێنین، ئه‌بینه‌ خاوه‌ن بۆچوونیکی گشتی که‌ گست ناسینه‌کانمان وه‌به‌ر ده‌گرێ. ئه‌م روانگه‌ گشتی یان جیهان بینییه‌، ده‌کرێ پیبوترێ"فه‌لسه‌فه‌".**

**پ (٣) - فه‌لسه‌فه‌ له‌ سه‌ره‌تاوه‌ که‌ی سه‌ریهه‌ڵداو و، مێژووه‌که‌ی بۆ چ سه‌رده‌مێک ده‌گه‌ڕێته‌وه‌؟**

**و:** هیچ فه‌رهه‌نگێکی جیهان نابینی، به‌جۆرێک به‌م ته‌ون وکه‌ونه‌وه‌ خۆی خه‌ریک نه‌کردبێ. له‌ سه‌ره‌تاوه‌، وه‌ڵامی ئه‌و پرسیارانه‌ی سه‌ره‌وه‌، له‌ قاپۆری ئه‌فسانه‌دا، هاته‌ئاراوه‌. واتا به‌ گۆتره‌کاری ودوور له‌ ژیربێژی و لێکدانه‌وه‌ی مه‌یدانی، ته‌نیا به‌ که‌ڵکوه‌رگرتن له‌گومان، به‌ دوای وه‌ڵامه‌کاندا ده‌گه‌ران. ئه‌م دیارده‌ وه‌ک شێوازێک له‌ شێوازگه‌لی هۆشیاری کۆمه‌ڵایه‌تیی، له‌ کۆمه‌ڵگه‌ی کوێله‌داریدا سه‌ریهه‌ڵدا، ئه‌وکاته‌ که‌ مه‌یدانی ده‌ستێوه‌ردانی مرۆڤ له‌ سرۆشتدا به‌رفروان بوو وکاری له‌شیی له‌ کاری بیریی، یان بیرکردنه‌وه‌، جیاکرایه‌وه‌ و دواتر وه‌ک رێبازگه‌لی جیاواز، له‌ یونان ٢٥٠٠ساڵ پێش،

دوای تەوەق وبێژنگکردنی ئەفسانەکان، بە تایبەت ئەفسانەکانی **"هۆمر"**، بیری فەلسەفی، سەریهەڵدا. ئەوکات، فیلسوفگەلی وەک **سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرەستوو، ئاناکسیماندروس، فیساغورس، تالس** و...هاتنە مەیدان وهەرکامە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان وپەیداکردنی گەوهەری ژیان ومادده وبوونەوەری نادیار، تێکۆشان ورچەی بیری بیرمەندانیان، کۆتا. بابەتگەلی بنەرەتی فەلسەفی، بریتی بوون لە پێوەندیی بیربە بوونەوە، تێگەیشتن لە ناوەرۆکی مادده وگۆڕانکارییەکانی وسەرچاوەی جموجۆڵ ویاساکانی، بۆچوون سەبارەت بە"زانین" وژیربێژیی. واتا بیری گۆڕانکاری دیالکتیکی یان مێتافیزیکی (ئەوپەڕی سرۆشت).

وەک وتم، خاوەن بیرە فەلسەفییەکان، لە سەرەتاوە، بە دوای بناخە وگەوهەری ئەو شتەدا دەگەڕان کە، هەمیشە لە باری گۆڕاندایە. **تالس**، پێوابوو ئەم گەوهەرە"ئاو"ە، یەکێکی دیکە بە"هەوا"ی دەزانی وئەویتر **بە"ئاور" یان "بێسنوور"**. یەکەم پرسیارلێرەدا ئەوەبوو کە" لەم گۆڕانکاریانەدا، چ شتێکە کە هەمیشە، هەیە؟" ئەوکاتە، فیلسوفانی لەوچەشنە، لە هەمانکاتدا کە زانیاربوون، مەتماتیکزان، هەندسەزان، ئەستێرەناسیش بوون وتەنانەت هەندێکیان وەک ئەفلاتوون وئەرەستوو، سەبارەت بە دەوڵەت وسیاسەت ورەوشت وکۆمەڵناسیی (بەشێوەیەک)، باسیانکردووە. دووریبازی فەلسەفی گرنگ کە هەتا ئێستاش، ریشەی رەگیان لە زەینی



هەروەها لیکدانەوەی سرۆشتی **"بوونی"** کۆمەڵایەتی ویاساگەلی گشتی گۆڕانکار بیەکانی. واتا کۆمەڵناسی، رەوشت وجوانیناسین. بێگۆمان، گۆڕانکارییە کۆمەڵا یەتی وئابووری و فەرهەنگی و تەنانەت سیاسییەکانی نێوکۆمەڵگە، شوین لە سەر گۆڕانکاری وگەشەکردنی بیری فەلسەفی دادەنێن.

خاوەن رێبازە فەلسەفییەکاندا ماوەتەوە، رێبازی **"ئەیونیانی"** کە فیلسوفی گەورەی **"هێراکلیت"**بوو ورێبازی" **ئێلئایی**" کە فیلسوفی بە ناوبانگی **"پارمنیدس"**بوو. ئەم دوانە لە سەرتاسەری مێژووی فەلسەفەدا، وەک دووریشەی ناسراو کە بە یارمەتی ئەوان هەمیشە، بابەتگەلی بنەرەتیی فەلسەفی، گەلاڵەکراون، بوونی خۆیان پاراستووە. بۆ نموونە **"ئیسپینووزا"**ی چەرخەکانی دوای رێنسانس **"ئێلئایی"**یە

و"هێگل"، له چەرخی نوزدەدا، سەربە بنەماڵەی 'ئەیونیایی'یە. ئەم دوو ڕێبازه، بابەتی گۆڕان و بابەتی کاتی و له باری تێپەڕبووندا و بابەتی هەمیشەییان، خستووەته بەرباس و بەم جۆره بابەتی یەکەبوون وزۆربەبوونیان، هێناوەتەئاراوه.

**پ (٤) – تکایه سەبارەت به مێژووی فەلسەفەی زانستیی باسمان بۆ بکەن. فەلسەفە به لێکدانەوەی زانستییەوه له کوێ و لەچ سەردەمێکدا پەیدابووە؟**

**و: پێویسته له سەرەتاوه، به ناسینی فەلسەفی، ئاماژەبکەین. ناسینی ڕێکوپێک له مێژووی ژیانی مرۆڤدا، به دوو شێوه خۆی نواندووه: یەکەم – ناسینی زانستی ودووەم – ناسینی هونەری. ناسینی زانستی: هەرکەسەله له ژیانی خۆیدا، به هاریکاری هەستەکان، لەگەڵ دەوروبەری(ژینگە) بەرەوروو دەبێ و به یاریده ی ئیدراکه پرژ وبڵاوەکانی که له دەوروبەری وەریان دەگرێ، پلەی یەکەمی ناسین تێپەردەکا وتا ڕادەیەک دەگاته ناسینی بوون.، ئەم ناسینه که ئامرازی پیویستی ژیانی به کردەوەیە، ساکار وڕووماڵی ووردەبینەیه وخاوەن لایەنی بەهێزی سۆزه. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ به تێپەڕکردنی پلەی دووەمی ناسین، ئیدراکەکانی خۆی له قاپۆری چەمکەکاندا، بینێتەئاراوه وناسینی خۆی قووڵ و بەرفراوان بکا و بەراستەقینەوه نزیکتری بکاتەوه. ئەم ناسینه که زۆر لەگەڵ ڕاستەقینەدا نزیکه، پیدەگوترێ"زانست(Science). ئامانجی زانست وەک تێکۆشانەکانی دیکەی مرۆڤ، بریتییه له زاڵبوون به سەر ڕاستەقینه وئاسانکردنی ژیانی مرۆڤ. کەوابوو زانست واتا"ناسینی یاساکانی ڕاستەقینه" که هێز به مرۆڤ دەدا، دوارۆژ پێش بینی بکا ونەخشه بۆژیان دارێژێ و به سەر ڕاستەقینەکاندا**



**زاڵ بێ. لەبەرئەوه ناسینی ڕاستەقینه تەنیا به تاقیکاری یان دەستێوەردان له ڕاستەقینه، پشت ئه ستووره، گشت زانستەکان (مەتماتیک، فیزیک، ژیانناسی و کۆمەڵایەتی) له سەربناخەی تاقیکاری ورد دامەزراون. کەوابوو زانست بریتییه، له ناسینی ڕاستەقینه، له ڕێگای ئەزموونەوه. به**



**وتەیەکی دیکه زانست ناسینی ڕاستەقینەیه له ڕێگای تاقیکار ی و به پشت بەستن به یەک فەلەسەفه وپیاگرتن له سەر چەندایەتی. هونەر: بریتییه له ناسینی ڕاستەقینه، له ڕێگای تاقیکاری و به پشت بەستن به فەلسەفەیەک وبه پێداگرتن له سەرچلۆنایەتی.**

فەلسەفه، له چەند قۆناخەوه تێپەڕ بووگه: یەکەم- قۆناخی جیابوونەوه له ئەفسانەکان، دووەم- قۆناخی تێرامان له بوون، ڕیشەی بوون وگەڕان به دوای گەوهەری ژیان یان بووندا، سییەم- سەرهەڵدانی ڕیبازه فەلسەفییه سەرەتاییەکان. ئەفلاتوون بۆخۆی بناخەی ڕیبازێکی فەلسەفی دامەزراند که هەتا هەنووکه، هەرڕیبازیکی فەلسەفی سەری هەڵداوه، به جۆرێک له جۆرەکان لەو خەرمانه بیرمەندییه یەش کەڵکی وەرگرتووه. ناوبراو به دایکی فەلسەفەی ئیدەئالیستی پێناسه دەکرێ. **ئەرەستوو وەک قوتابی ئەفلاتوون، بناخەی"فەلسەفەی سرۆشتی" دامەزراند** که هەتا هەنووکه، بیری فەلسەفی یان فەلسەفەی ماددی وسرۆشتی، دوای ئەو،

له سەرچاوەی بیری ناوبراو، ئاوی زانیاری دەخۆنەوە. بناخەدانەری بیری ماددی یان ماتریالیستی سەرتایی، کەسێک بوو بە ناوی "**دێموکریتووس**" کە دواتر **مارکس و فوێرباخ** وئەوانی دیکە، لە بێستانی بیری ناوبراو، گوڵیان چنی. لە راستیدا، دیاردەیەک بە ناوی فەلسەفەی زانستی، لە چەرخەکانی پازدەوشازدەی زایینیەوە، سەریهەڵدا. واتا دەورەی هۆرێزان یان دووبارە لە دایک بوون. لەم قۆناخەدا، گومانکردن لە بیروبڕواکان ورەخنەگرتن لە بناخەکانی ئەودیاردە، سەرهەڵدەدا و ڕێبازەئایینی و فەلسەفییەگوایە سەلمێندراوەکان، بەرە بەرە، تێکدەقرمێن.. بە وتەیەکی دیکە، سۆننەتە پەسندکراوە بیرمەندی و ئایینی وکۆمەڵایەتی ورەوشتییەکان، دەکەونە ژێر نیشانەی پرسیار و بەم جۆرە، بەرە، بەرە، تێکدەچن. بەم شێوە بادانەوە بۆ تاقیکاری و لێکدانەوە ودووریکردن لە خوێندنەوەی دەقەکانی



فیلسوفەگەورەکان یان نووسراوەئایینییەکان، دەبێتە بەرنامەی کاری زاناوپسپۆڕان، وئەگەری ڕاستەوخۆی لێکدانەوەی سرۆشت، دیتەئاراوە. ئەمەش تەنیا لە سێبەری لێکدانەوەی نووسراوەکانی ئەرەستوودا، هاتەئاراوە.

هەروەها هۆش، کە تا ئەوکات، لە ژێرکێفی بریار و فەرمانی بێئەملاوئەولای پەرتووکە پیرۆزەکان و دەقەکۆنەکانی فیلسوفەناودارەکاندا، ملکەچ بوو، ئازادکرا وهاتەمەیدانی گەڕان بە دوای هۆی گۆڕانکارییەکاندا و بە یارمەتی هەستەکان و بە یارمەتی بیری نوێ فەلسەفی، زاناسرۆشتییەکان، چوونە ناخی دیاردەکانەوە و شۆڕشێکی فەرهەنگی، ڕووناکبیریی وپێشەسازی سەری هەڵدا ودیمەنی گۆی زەوی و ژیان و ژینگە، هاتەگۆاڕان.

**پ (٥) - لە مێژووی کۆن، گەلێک فەیلەسوف لە ڕۆژهەڵات واتە لە ئاسیا سەریانهەڵداوە، پاشان ئەم زانستە گەیشتە ئۆرووپا. ئەورۆکە باس لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی، یان ڕۆژئاوایی دەکرێت. چ جیاوازییەک لە نێوان فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا هەیە؟**

**و:** بەشێک لە فیلسوفەبەناوبانگەکانی یونانی کۆن، لە ئاسیاوە چوونەتە یونان. هەرچەند مرۆڤ کەخاوەنی پەسنی تێرامانە، دەتوانێ لە شوێنێ جۆراوجۆردا، بیری نزیک بە یەک بێنێتەئاراوە، بەلاّم بە هەرهۆیەک بێ، بیری فیلسوفەکانی ڕۆژهەڵات، وەک زۆربەی ڕۆژئاواییەکانی پێش ڕابوون یان رینسانس، بەرەو، لێکدانەوەی جیهان و مرۆڤ و نادیار، لە قاپۆڕی بیری ئیدەئالیستیدا بووگە. بە تایبەت بوداییەکان، هەڵوەدای گەیشتن بە"مانا؟ یان بێسەرەتا وسنووربوون و عارفە فەرهەنگ سامییەکان لە بیری ڕزگارکردنی گیان وتێکەڵ بوون لەگەڵ گەوهەری بوون وخاوەن ئایینەکانی ئەوەدقەرە، هەڵوەدای ڕزگارکردنی گیان وپاکانە حەساو لەگەڵ پەروەردگارداببوون و لەشیان بەخانوی کاتی ڕۆح زانیوە. سەرانسەری ١٦٠٠ساڵ دوای زایینی، لەئوروپا، فەلسەی ئەفلاتون، خراوەتە خزمەت بۆچوونەکانی کلیسا یان، شرۆڤەکردنی بەشی خوداشناسی جیهانی کریستیانی. بەوحاڵەش، لە ڕۆژهەڵات، لە دەورەی عەباسییەکاندا، فەلسەفەی بیرمەندانی یونانی، گەیشتە کۆمەڵگای ئیسلامی و دواتر بەهۆی گۆشاری شەریعەتخوازانی کۆنەپەرستەوە، فیلسوف وفەلسەفە خنکێندران وتەنانەت دوای ڕاپەڕینی هەمەلایەنەی ئوروپا لەچەرخی پازدە وشازدەدا، ئەو بەشە لە ئاسیا، ڕانەپەڕی و هەتا ئێستاش، لەلێکدانەوەی زانستیانەی فەلسەفەی نوێ، بێ بەشە! هەرچەند فیلسوفگەلی وەک بوعەلی سینا وئیبنی روشد وفارابی، هاتنەمەیدان و بوعەلی بۆ یەکەمجار ئەو دۆزییەوە مەزنەی هێنائاراوە کە ناوەندی هۆش، مێشکە نەک دڵ، بەلاّم سوننەت، بەسەرهۆشمەندیدا ڕۆخا و لە و ناوچە، بە تەواوی خنکاندی! وەک وتم، کۆنەپەرستان، پێشیان بە گەشەکردنی عەقڵی فەلسەفی گرت! **بە داخەوە سووربەبەردی کوردیش، زیاتر بەرەو ڕێبازی عیرفانی و ئەفلاتوون، هەنگاوی هەڵگرت.** بۆیە دەکری بێژیین: فەلسەفەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئێستا لێک جیاوازن.

**پ (٦) — تکایە بە کورتیش بووە، ئاماژە بکەن بە نێوی قوتابخانەکانی فەلسەفە. هەروەها بە بۆچوونی بەرێزتان، کام**

**لە قوتابخانە فەلسەفییەکان، بە شێوەیەکی زانستیی، لەخزمەتی پێشخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدایە!**

**و:** ئەو قوتابخانەگەلە کە دوای رێنسانس، سەریانهەڵدا و بوونە چرا ومۆمی، رووناککەرەوەی رێگەی پێشکەوتن، و ئەوفیلسوفانە کەلەو رێبازانەدا، بیریان وەجمۆجۆڵ کەوت، بوونەبەردی بناخەی، پێشخستنی کۆمەڵ وپێشەسازی ورووناکبیری وگۆڕانکاری قووڵ لەوبوارانەدا.

**نیکولادوکوزا**، خاڵی وەرچەرخانی چەرخەکانی نێوەراست و دەورەی دووبارە زیندووبوونەوەی زانست بوو. **بروونو وکیلر** و دواتر **دیکارت**، رایانگەیاند کە ناوبراو، شیاوی ئەو پەسنەگەورەبوو، کە بێسنووربوونی جیهانی بوونی راگەیاند. دیکارت لەساڵی١٦٣٧دا، پەرتووکێکی سەبارەت مێتود یان رەوش نووسی ورایگەیاند، بۆ ئەوە بیربتوانێ بەنموونەی دڵخوازبگەیت، پەنا بۆ مەتماتیک بەرێ. ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە بەڵگەکانی ئەوزانستە، گەلێک ئاشکرابوون. ناوبراو خاوەن رێبازێکی فەلسەفی تازەیە و بە وتەی خۆی"توانی، درک ودڵی، کۆشکەکۆنە فەلسەفی وئایینییەکان، لەمەیدانی زەیندا، پاقژ بکا و کۆشکێکی نوێی فەلسەفی، لە شوێنی ئەوان دامەزرێنێ. ناوبراو، لەگشت زانیارییەکۆنەکانی کەوتە گومانەوە و بۆئەوە بە ناوەرۆکی راستییەکان بگا، سەرلەنوێ



کەوتە لێکۆڵینەوە و لە گومانەوە بەرەویەقین، ملی رێگەی گرتەبەر. بێگومان پێش ئەو **موحەممەدی غەزالی، فیلسوف وعارف وشەرێعەتخوازی ئیسلامی**، ئەومەیدانەی بۆ دیکارت تەختکردبوو. ئەو بێجگە لەبوونی خودا، هەمووشتیکی دایە بەر تیری گومان. **ئیسپینوزا، دوای دیکارت**، کتێبێکی نووسی بە ناوی **"سەلماندنی رەوشتەکان، بەرەوشی هەندسی"** ئەوو وتی، **بێئەوە باسی ئازادی بکەین، نابێ بجینە نێوباسی رەوشتەکانەوە.** واتا لەوکارانەدا کەلە چوارچێوەی ئیختیاردانین، نابێ باسی ئەخلاق بکەین. ئەوەی سەبارەت بە رەوش باسدەکا، لە راستیدا، باسی ئازادی دەکا. بە دوای ئەواندا، **جان لاک** بۆناسین، بە تاقیکاری پشتدەبەستێ و کەمتر بەهۆش بایەخ دەدا، چۆنکە پێوایە، هۆش، سەرقاڵی چەمکە گشتییەکانە وئەزموون لەگەڵ تاکەدیاریکراوەکانداسەروکاری هەیە و لەراستیدا، بۆلیکدانەوە دیاردەکان، ئێمە نیازمان بە شتی دیاریکراو و هەستپێکراوهەیە، نەچەمکی گشتیێ. ئەم رەوتە دەچێتە پێش، و دواتر باسی کۆمەڵگەی مەدەنی وژیانی هاوبەش وهاریکاریی تاک وگروپ دێتەئاراوە. ئەوجار **جورج برکلی، داوید هیوم وکانت**، دێنە مەیدان وهەرکامە لە بەرزکردنەوەی دیواری زانستدا، خشتی خۆیان لە سەردیواری کۆشکەکەی دادەنێن . ئەوجار شیکردنەوە و رەخنە لە هۆشی بێخەوش وبێ تاقیکاری کە فیلسوفەکۆنەکان، بەتەنیا ئامرازی ناسین، پیناسەیان دەکرد، دێتەئاراوە. هۆشی بەکردەوەش، ئەکەوێتە بەرپیێی ئەم رەخنە و دادگەرییەکانیش ئەچنە ئەو چوارچیوەوە. **ئوگست کونت**، لە ناخی مێژوو، کۆمەڵناسی، دەبینێتەوە. فیلسوفەکانی دیکەی وەک **هێگل ومارکس فروید**، هەرکامە لە مەیدانێکدا، بیری خۆیان وەگەردەخەن. فروید لەجیهانی دەروونداَ، شۆرشیکی مەزن بەرپادەکا ومارکس لە ئابووری وباسی سەرمایەدا، دەبیتەقارەمانی ئەومەیدانە. هەروەها مارکس بە بەراوەژووکردنەوەی **فەلسەفەی هیگل**، چینەکانی چەوسینەر و چەوساوە و دەسەڵاتی پرۆلیتاریا لەپلەی رزگاریی تەواودا، دێنەئاراوە و گشت کەسەرەکانی ژیان، بەزێدەبایی سەرمایەوە، گڕی دەدا و...

**پ (٧) — چ پێوەندی و پێویستییەک لە نێوان زانست و فەلسەفەدا هەیە. مەبەست ئەوەیە، ئایە فەلسەفە خۆی زانستە، یان بۆ سەلماندنی دەبێ پەنابیرێتە بەر زانست؟!**

**و:** فەلسەفە، رێپێشاندەری زانا و زانستە و بە گەلاڵەکردنی پرسیارەگشتییەکان و وەڵامدانەوەی گشتی بەوان، "بۆ لاپەڕە ٢٣"

# دوو پەیام بۆ نەورۆز!



کامیل ژیر

## -1کاروان و نەورۆز

سەربەستی نە ئەدرێ، نەئەسەندرێ. سەربەستی هیوایە. بەهیوا گەیشتن نەوەرگرتنە، نە سەندنە، بەڵکو تەقەلایە. هەرکاتێک هیوای سەربەستی لەدڵی گەلێکدا گەرم بوو، تەقەلای بۆ ئەدات. گەرمتر بوو، رائەپەرێت. جۆشی سەند، شۆرشی بۆ بەرپا ئەکات. شۆرشی چەک یا شۆرشی بیر هیچ گەلێک سەربەست نابێ تا پلەی گەرمیی هیوای نەگاتە تینی شۆرش. سەربەستی بێ شۆرش، وەک پارچە بەفرێکە، زۆر ناخایەنێ ئەتوێتەوە. ئەو گەلەی گیانی شۆرشی تێدانەبێ بۆ سەربەستی، گەلێکی نووستوو و بێکارەیە و پاشەڕۆژی تواندنەوەیە.

**کاروانەکەی کوردی دلێر**
**نەوەی کاوە**
**بەبیری سەربەخۆیی تێر**
**بەهیواوە**
**بەرەو مەشخەڵی روناکی**
**ئامانجی گەل**
**کەوتۆتە رێ بە چالاکی**
**هۆگری هەل**
**ئەروا دڵنیایە کە ئەو**
**بەتوانایە**
**راپەریوە لە پەستی و خەو**
**بەبروایە**
**کە خۆری گەش لەئاسۆی سڕ**
**گزنگیدا**
**شۆرشێکی وا گەرم و گوڕ بەرپا ئەکا**
**کوردستانەکەی بەشکراو**

**فەرامۆش**
**وەک ئاگر و ئاوی کوڵاو**
**دێنێتە جۆش**
**ئەوەی وتی نەورۆزی کورد**
**ئەبێ نەبێ**
**مۆخ و مێشکی ئەهاڕێ ورد**
**چەن گەورەبێ**
**نیشتمانی بەرینی جوان**
**ئازاد ئەبێ**
**پەیکەری کاوەی قارەمان**
**لەشار و دێ**
**ئەبێ بەبارەگای نەورۆز**
**چریکەی دەنگ**
**بەسروود و بەستەی بەسۆز**
**کۆڕی ئاهەنگ**
**وەها گەرم و بەجۆش ئەکا**
**هێندە بەتین**
**کوردستانێ لەو رۆژەدا**
**بەهەشتی ژین.**

# ٢- نەورۆزی کورد

ئەو گەلەی کەلەپووری نەتەوایەتی خۆی نەپارێزێ و ونیکات، مەرجی نەتەوایەتی تێدا نامێنێ و بەرەو تواندنەوە ئەچێ. نەورۆزی ئێمەش بەشێکە لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان، بۆیە لەپاراستنیدا پاراستنی نەتەوەکەمان ئەبینین.

ئەمڕۆ نەورۆزە، جەژنە هەرایە
سەر پڕ لە سۆزی شایی و ئاهەنگە
کوردستان بەرگی ئاڵ و والایە
بووکی رازاوە و فریشتەی شەنگە

***

گزنگی زەردی خۆری زێڕدیمەن
ئەدا لە لوتکەی چیای سپیپۆش
لەگوڵاڵەی سوور، سەوزە گیای چیمەن
بەهەشتی ژینە کوردستانی خۆش

***

ئەمڕۆ لەلای من خەنە بەنانە
ئاڵای چوار رەنگم لا هەڵکراوە
سوور گوڵ و، سپی بەفری کێوانە
سەوزی چیمەن و زەردی هەتاوە
سروشتیش ئەڵێ کوردی قارەمان
ئەبێ سەربەخۆ هەڵکا ئاڵاکەی
یەک بگرێتەوە کوردستانی جوان
دیلی و ژێردەستی ئیتر هەتاکەی؟!

***

مژدەم ئەداتێ نەورۆزی ئەمساڵ
باوەڕێ هەیە، تازەیە و وردە
پیرۆز و بەرز و رۆشن و ساماڵ
تاکە رێبازی نەتەوەی کوردە

***

بەڵێنبێ ئێمەی کوردی کوردپەروەر



مژدە و باوەڕی تازە لەبەرکەین
کوردایەتیبێ رێمان هەتا سەر
بەم بروایەوە دوژمن بەدەرکەین
بەباوەڕی نوێ ئەم کوردستانە
ئەبێ رازاوە و ئاواو پیرۆزبێ
ببێ بە رووگەی رووی ئەم جیهانە
هەمیشە بەرگی وەکو نەورۆز بێ.

**سەرکەوێت خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

# جێژنی نەورۆز و ساڵی ٢٧١٠ی کوردی، لە هەموو نووسەران و رۆژنامەنووسانی کورد، پیرۆزبێت!

ساڵی رابوردوو، بۆ نووسەران و رۆژنامەنووسان و چالاکانی بواری مرۆڤی و کۆمەڵایەتیی لە کوردستان، ساڵێکی دژوار بوو. لەساڵی رابوردوودا، پاش ئاشکرابوونی ساختەکاریی لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لەلایەن باندی دەسەڵاتدارەوە، هێرشێکی بەرفرە و رێکخراوتر لە رابوردوو بۆ سەر ئازادیخوازان و نووسەران و رۆژنامەنووسانی کورد و ئێرانی دەستپێکرد. دەیان رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی داخران و، نووسەر و بەرپرسەکانیان گیران و، بەرەورووی زیندان و شکەنجە و حوکمی نارەوای بێدادگەکانی رژێمی ئێران بوونەوە. رژێمی ئێران هەروەها، بە گوللەبارانکردنی نەیارانی سیاسی و، زیندانیکردنی رۆژنامەنووسان و، لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ، ساڵی رابوردوو، لەسەر ئاستی هەموو جیهان پلەی یەکەمی هێنا.

**رژێمی داگیرکەری تورکیا**، کە بۆ مەبەستی تێکدانی بزووتنەوەی بەرینی جەماوەریی گەلی کوردمان لە باکوور، ماوەیەک بەدرۆ و دەلەسە، درۆشمی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەڵگرتبوو، سەرلەنوێ نێوەرۆکی رەگەزپەرستانەی خۆی پێشانی کورد و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و، دەستیکرد بە هێرشکردن بۆ سەر خۆپێشاندەران و، گرتنی ژن و منداڵ و سیاسەتکاران و رۆشنبیران و چالاکانی مافی مرۆڤی کورد، لە تورکیا و لە باکووری کوردستان. رژێمی رەگەزپەرستی سووریاش سیاسەتی هەمیشەیی دژبەکوردی لەساڵی رابوردووشدا پێرەوکرد و، لە زینداکانیدا بەدڕندانەترین شێوە، لەگەڵ رۆشنبیر و نووسەر و سیاسەتکارانی کورد هەڵسوکەوتی کرد.

**لەساڵی رابوردوو، لەباشووری کوردستان**، گەلێک جار گوێبیستی گرتن و لێدان و، ئانبرین و نامەی هەڕەشە بووین بۆ سەر نووسەر و رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی کۆمەڵێک کەسایەتیی وڵاتپارێز و نووسەر و رۆژنامەنووسی خاوەنکەسێتی و خاوەنوێژدان و بیروباوەڕ لە نێوخۆ ولەدەرەوەی کوردستان، کە خۆیان بەرامبەر هۆشیارکردنی گەلەکەیان بە بەرپرسیاردەزانن، بوون بەهۆی ئەوە کە ئاستی رۆشنبیریی سیاسی و رۆژنامەگەریی



سەربەخۆ، لە باشووری وڵاتەکەمان پەرەبستێنێ و، هۆمێدی ئەوەدەکرێت، ئەم رەوتە بەردەوام لە گەشە و پێشکەوتندا بێت.

**لە کۆتاییدا، جێژنی نەورۆز لە ئەندامانی دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بەتایبەتیی کاک گۆران دەرگەزێنی، لەهەموو ئەو نووسەر و نیشتمانپەروەرانە پیرۆزبێت کە بەوێنەی مۆمێکی داگیرساو، خۆبەخشانە هەموو کاتی ژیانیان کە گەورەترین سەرمایەی تەمەنیانە، تەرخانکردووە بۆ رۆشنکردنەوەی هزر و مێشکی چینی خوێندەوار و رۆڵەکانی نەتەوەکەمان و، بەبێگوێدانە گوشار و شکەنجەی داگیرکەران و، بێگوێدانە هەڕەشە و گورەشە و ئانبرین، یان بەخشینی پارە و بەرتیلی دەسەڵاتداری خۆیی، ئەرکی مرۆڤی و نەتەوەیی و نیشتمانی و مێژوویی خۆیان بەرێوە دەبەن.**

**جێژنی نەورۆز و، هاتنی ساڵی ٢٧١٠ی کوردیی، لە هەموو تاکێکی کورد و لە هەموو کوردستانییەک، پیرۆزبێت**

**سیروان کاوسی**

**دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**21/3/2010ز/ نەورۆزی 2710ی کوردی**

# نامەی سەرئاواڵە

**بۆ:**

**ڕێزدار کاک تاهیر کەمالیزادە/**

**سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**سڵاوی ئازادی و سەربەخۆییتان لێبێت. هیوادارین لەبەڕێوەبردنی چالاکی و خەباتی نەتەوەییتاندا سەرکەوتووبن.**

**بەڕێزان!**

وەک ئاگادارن، **ڕێکەوتی 16/5/2009 لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، نامەیەک ئاراستەی بەڕێزتان کرا.** هۆی ناردنی نامەکەش لەوەوەهات کە لە **کۆنگرەی (٦)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، کە ڕێکەوتی 18/4/2009 لە لەندەن** گیرا، کۆنگرەی (٦) بەتێکرای دەنگ پەسندیکرد، لەپێناوی پەرەپێدانی بیروباوەڕی سەربەخۆیی و، بەهێزترکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەدەرەوە و، لەنێوخۆی وڵات، پێویستە هەردوو سازیی نەتەوەیی (**KNC و KNK**) هاوکارییەکی چڕوپڕ دەستپێبکەن.

جێگەی داخە، پاش تێپەڕبوونی ٨ مانگ بەسەر ناردنی ئەو نامەیە، لەلایەن ئێوەوە هیچ وەرامێکمان پێنەگەیشتووە. ئەمە لە کاتێکدا **بەڕێز کاک تاهیر کەمالیزادە** دوو جار بە تەلەفۆن لەگەڵ **هاوبیر سیروان کاوسی ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** قسەی کردووە و، لەوتەکانیدا جەختی لەسەر پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتیی نێوان ئەم دوو دەزگە نەتەوەییە کردووە و، فەرموویانە هاوکاریی نێوان ئەم دوو سازییە نەتەوەییە دڵی نیشتمانپەروەران و نەتەوەی کورد خۆشدەکات! ئەمە لەکاتێکدا نوێنەرانی KNK لە وڵاتی نۆروێژ، چەندین جار بەڵێنیانداوە، بەزوویەکی زوو وەرامی نامەکەی کۆنگرە و، داوا و پێشنیازی کۆنگرە بۆ لێکترنیزیکبوونەوەی هەردوو کۆنگرەکە دەدەنەوە، بەڵام هەر جارە بیانوویەکیان کردووە بەهۆکاری دواکەوتنی وەرامنەدانەوەی نامەکەی کۆنگرە.

جێی سەرسووڕمانە، لەماوەی دە مانگی ڕابوردوودا، هێندێک جار لەڕێگەی NewrozTv و RojTv وە، پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانمان گوێلێدەبێ، کە داوای سازکردنی بەرەی نەتەوەیی و یەکێتیی نەتەوەیی دەکەن لەنێوان سازی و پارتی و ڕێکخراوەسیاسییەکانی کوردستان. لە بەڕێزتان دەپرسین، یەکێتیی نەتەوەیی چۆن پێکدێت، کە بە دەمانگ وبەساڵیش نەتوانن وەرامی نامە و پێشنیازی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بدەنەوە، کە لەسەدان زانا و نیشتمانپەروەری خاوەنئەزموون و لێهاتوو پێکهاتووە و، چارەکە سەدەیەکە، بەبێلادان لە باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی، خزمەتی گەورەی بە پێشخستنی بیری زانستانەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کردووە و، ئێستاش لەنێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان، بەشێوەیەکی بەرفرەتر لە پێشوو، خەبات و چالاکیی نەتەوەیی خۆی دەبات بەڕێوە؟

لەڕوانگەی ئێمەوە، یەکێتیی نەتەوەیی لەنێوان ئەو کەسایەتی و لایەنانەدا پێکدێت، کە باوەڕیان بە ڕزگارکردنی نیشتمانی داگیرودابەشکراو و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە. بەرەی ڕاستینەی نەتەوەیی، بەو کەسایەتی و لایەنە سیاسییانە پێکدێت، کە لە هەڵوێست و بڕیاردانیدا سەربەخۆبن و، مەرج و پێوانەی هاوکاری و هاوخەباتییان بەپێی باوەڕ وپرنسیپی نەتەوەیی و کوردستانیی بێت.

لەڕوانگەی ئێمەوە، ڕزگارکردنی نەتەوەکەمان لەژێرچنگی داگیرکەرانی خوێنڕێژ و ڕەگەزپەرستی تورکیا و عێراق و ئێران و سووریا، بە سازکردنی یەکێتییەکی ڕاستینەی نەتەوەیی دێتەدی، کە تێیدا ڕێز لەبیروڕای یەکدیی بگرین و، چ بیرۆکە و بەرژەوەندییەکی لاوەکیی، نەتوانێ ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئامانج و بیروباوەڕی پیرۆزماندا.

**لە کۆتاییدا، پیرۆزبایی نەورۆز و ساڵی تازەی کوردیتان لێدەکەین. هیوادارین ساڵی ٢٧١٠ی کوردیی، ببێت بە ساڵی یەکێتیی نەتەوەیی و پەرەپێدانی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی لەسەرتاسەری کوردستان!**

**پیرۆزبێت خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لە پێناوی ڕزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**19/3/2010/نەورۆزی ٢٧١٠ی کوردی**

# ڕۆژاوای کوردستان، دورگەیەک بۆ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ!

**نووسینی: نزار محەممەد**



**ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێکە له کوردستانی دابەشکراو کەئێستا لەژێر دەستی داگیرکەری سوریادایە، که ئەم بەشە خرایە سەر دەوڵەتی سوریا تەنیا ئەو ناوچه لادێ نشینانەی گرتەوە که شارەکانیان لەژێر دەستی تورکیا مانەوە، ئەو ناوچانەش دواکەوتووبوون لەباشترین حاڵدا قوتابخانەی ئاینی سەردەمی عوسمانییەکانی تیابوو، بۆیە لەسەرەتاوە ناوچەیەک نەبوو جێی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی تیابێتەوە .**

**بەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان له ١٩٥٧/٦/١٤ کێشەی نەتەوەیی گەشەی کردو ستراتیژی ئەم حیزبە سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان بوو لەسەرەتادا، بەڵام پاشان کە ئوسمان سەبری دامەزرێنەری حیزب لەساڵی ١٩٦٩ دوورخرایەوە، هێدی هێدی گوتاری نەتەوەیی لەحیزبدا نەما.**

**ئەمڕۆ لەمەیدانی سیاسی کوردیی ١١ حیزب هەیەو هەمووشی لەمنداڵانی حیزبی دێمۆکرات لەدایکبوون، کەسایەتیی سیاسیی کوردی ڕۆژئاوا عەبدولباقی یوسف ئەندامی یەکێتی کورد له سوریا، پێیوایە ٦/١٤ ڕۆژی لەدایکبوونی هەمووانە، بەتەنیا پارتی دیموکراتی ئێستا ناتوانێ قۆرخی بکات، بەتایبەتی کە لادانی ستراتیژی لەبنەما سەرەکیەکانی حیزبەکەدا ڕوویداوە.**

## کاریگەریی دوورکەوتنەوەی ئوسمان سەبری

ئۆسمان سەبری کەسێکی نەتەوەیی بوو، بەو پەڕی ڕونی ئاماژەی بەکێشەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکرد کە ڕزگاری خاك و مرۆڤی کوردە، بەڵام بەبزربوونی ئەو، لادان بە ئاقاری سۆسیالیستی و مارکسی ڕوویدا، هەموو چالاکییەك دژی سیاسەتی بەعەرەبکردن و پشتێنەی عەرەبی ڕاگیراو، حیزبیش کە ببوو بە دوو باڵ، ببوو بە تووتی و زۆرنای عەرەبی و دژایەتی ئیسرائیل.

عەبدولباقی لەم بارەیەوە دەڵێت: هەڵمەتی گرتن و زیندانی لەساڵی ١٩٦٢ دەستیپێکرد و ساڵی ١٩٦٩ خوالێخۆشبوو ئوسمان سەبریش زیندانی کرا بە دوور کەوتنەوەی ئەو خەبات لەدژی پشتێنەی عەرەبی و گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان نەماو چەمکەکانی مارکسی و چەپی زاڵبوو، ئەویش بەهۆی بەهێزی سۆڤیەت و پروپاگەندەی بلوکی سۆسیالیستیی ، بەهۆی پەیوەندیی پتەوی بە سوریاوە، حزبەکانیش کەوتنە ژێر کاریگەریی گوتاری عەرەبی و لایەنگری تەواوی کێشەی فەلەستینی، کێشەی کورد شێوێنراو بووبە زورنای عەرەبچێتیی، جەماوەر بینیان سارد دەکەنەوە کە هیچ چالاکییەك دژی داگیرکەری سوریا نەنوێنن، بەمەش درز کەوتە نێوان جەماوەرو هەردوو باڵەکەی پارتی، پاشان جیابوونەوەی یەك بەدوایەك ڕوویدا و حزبی تازە دروستبوو .

جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی و سیاسەتکاری کوردی ڕۆژئاوا پێیوایە، کەسایەتیی ئوسمان سەبری بۆ کوردی ڕۆژئاوا وەك بارزانی بۆ باشوور و قازی بۆ ڕۆژهەڵات وابووە، بۆیە بەبزربوونی ئەو ئاشبەتاڵێکی فکری نەتەوەیی بەر قەرار بوو.

## لادان

ساڵی ١٩٦٥ پارتی بوو بەدوو بەشەوە ، هەردوو باڵەکە وازیان لەدروشمی سەربەخۆیی هێنا، بەڵام لادانی هەرە گەورە لەباڵەکەی حەمید دەرویش ڕوویدا کەتا ئەمڕۆش ئەم باڵە بەناوی پارتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریا کار دەکات، ئەمانە پێیان وانییە بەشێکی کوردستان لەژێردەستی داگیرکەری سووریایە، ڕاشیانگەیاند کە کێشەی کورد مەسەلەی

(کەمە نەتەوەییە)و داواکارییەکەیان لەمافی رۆشنبیری و هاولاتی بوون تێناپەرێ.

لەساڵی ١٩٦٩ بەدواوە واتە دوای ئەوەی ئوسمان سەبری بە پیلان دور خرایەوە، قۆناخێکی قورس دەستیپێکرد، هەموو حزبە کوردییەکان سەقافەتی عەرەبی زاڵبوو بەسەریاندا، داوای رزگاربوونی فەلەستینی و یەکێتیی عەرەبیان دەکرد، کەوتنە تۆقاندنی جەماوەر تا هیچ چالاکییەکی نەتەوەیی نەنوێنن.

## کیمیابارانی هەڵەبجە . . چی ئاشکرا کرد؟!!

کیمیابارانی هەڵەبجە، رۆژئاوای کوردستانی راچڵەکاند ، عەبدولباقی یوسف دەڵێت: کیمیابارانی هەڵەبجە روی راستەقینەی بلۆکی سۆسیالیستی بەسەرکردایەتی سۆڤیەتی ئاشکرا کرد کە لەکاتی کارەساتەکەدا پشتگیری رژێمی سەدامی کرد، هەروەها هەڵوێستی رێکخراوە فەلەستینیەکانی ئاشکرا کرد کە ئەوانیش پشتگیریی سەدامیان کرد، هەر وەك چۆن کوێتییەکان دوای وێرانکردن و داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن سەدامەوە، لەماهیەتی فەلەستینیەکان تێگەیشتن، کوردیش بەهەڵوێستی شەرمەزاریانەی رێکخراوە فەلەستینییەکان لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە فەلەستەنییەکان تێگەیشت، هەروەها لەو حیزبە کوردییە چەواشەکارانەش تێگەیشت، کەلە سازش و ملکەچی نغرو ببوون. جگە لەمانە عەبدولباقی یوسف باس لە فاکتەرێکی تر دەکات کەرۆڵی لە هۆشیاربونەوەی کورد بینی، ئەویش تێکەڵاویی گەنجانی کورد لەگەڵ عەرەب لە زانکۆکاندا، کە بۆیان دەرکەوت بەرامبەرەکانیان چەند شۆڤێنین و چۆن دژی هەموو خواست و مافێکی کوردن .

## روبەرووبونەوە و قۆناغی نوێ

لەئەنجامی ئەو جوڵە سیاسیە نوێیە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە رۆژئاوای کوردستان زیاتر سەرنجی چاودێرانی سیاسی بۆ لای خۆی راکێشا، لە ساڵی ١٩٩٢ سێ حیزبی یەکیان گرت و حزبی




یەکێتیی کورد لە سوریایان دامەزران، عەبدولباقی یوسف ئەندامی سەرکردایەتی ئەم حیزبە سەبارەت بە بەرنامەی حزبەکەیان دەڵێت: یەکێتیی جەخت لەوە دەکاتەوە کە کێشەی کورد کێشەی خاك و گەلەو بڕوای بە سازدانی خۆپێشاندان و مانگرتن هەیە ، اوا دەکات نیشتەجێی عەرەبی هەڵوەشێتەوەو رەگەزنامە بۆ ئەو کوردانە بگەڕێننەوە کەلە ساڵی ١٩٦٢ لێیان سەرندراوەتەوە، لەساڵی ٢٠٠٢ لەبەردەم پەرلەمانی سووریادا ئەم حیزبە خۆپێشاندانی سازدا کە هەنگاوێکی گەورەی کورد بوو بەدرێژایی حوکمی بەعس.

لەمرۆژدا خەبات بەردەوامە، رێپێوانی منداڵانی کورد بەبۆنەی ساڵی جیهانی منداڵان، رووبەرووبونەوەی راستەوخۆی زیندانیکراوەکان لەدادگای بەعس، تاسەرهەڵدانە گەورەکەی قامیشلۆ لە ٢٠٠٤/٣/١٢ کە قامیشلۆی گەورەتر کردو بەعسیشی لەناوەوە دەرەوە رسواتر کرد.

## دروستبوونی حیزبی نوێ بەردەوامە

سەرهەڵدانی قامیشلۆ لە ٢٠٠٤/٣/١٢ دیسان خاڵێکی وەچەرخان و تینوتاوێکی نەتەوەیی بەمەیدانی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان بەخشی، ترسی شکاند و خەباتی مەدەنی و جەماوەری خستە ئاستێکی بەرز، ئەم رووداوە هاندەرێکی تر بوو بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەو نارازی نوێی سیاسی... محەممەد حەمۆ کە شاعیرێکە و خاوەنی چوار دیوانە شیعرە لەرووی سیاسیشەوە نوێنەری رەوتی ئایندەیە پێیوایە کێشەی کورد لەرۆژئاوای کوردستان، کێشەی خاك و نەتەوەیەو دەڵێت بەشێکی کوردستان خراوەتە سەر سووریا ، رەوتی ئایندە لەساڵی ٢٠٠٥ لە قامیشلۆ دروستبوو، ئەویش دوای سەرهەڵدانی گەورەی قامیشلۆ، کۆمەڵێك رۆشنبیرو سیاسەتکاری کورد لەپێناوی نوێبونەوەی بزووتنەوەی کورد ئەو رەوتەیان دامەزراند و سەرکردەکەشیان مشعل تەمۆ بوو، هەروەها وتی ئەو رۆشنبیرانە لە گوتارو هەڵوێستی حیزبەکانی تر رازینەبوون بۆیە پێیان باشبوو کە بزوتنەوەیەکی نوێ

دابمەزرێنن ، کەبە ئاشکرا باس لەوە بکات بەشێکی کوردستان خراوەتە سەر سووریا، هەروەها دەیانەوێت دەستوری عروبەی سوریا بگۆڕن تیایدا تۆمار بکەن کە کورد لە سووریا نەتەوەی دووەمەو، ناوچە تەعریبکراوەکان بگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان. محەممەد حەمۆ رەخنە لە ئامانجی هەندێ حیزبی کوردی رۆژئاوا گرت کە ئۆپۆزسیۆن بن، ئامانجیان روون نییە، نە رژێم بە دۆستی خۆیان دەزانێ، نە ئۆپۆزسیۆن بە نەیاری رژێمیان دەزانێ، لەرووی نەتەوەییشەوە لاوازن. سەبارەت بە خەباتی خۆیان وتی ئێمە باجمان داوەو مشعل تەمۆ وتەبێژی فەرمی رەوت ئێستا لەزیندانی بەعسییەکانە، لەبەردەم دادگا سازشی نەکردو راشکاوانە داوای ئەوەی کرد نابێ دەسەڵات تەنیا لەژێر دەستی بەعسدا بێت، داوایکرد ناوی کورد لەدەستور بچەسپێ، لەبەر ئەو هەڵوێستانە دادگای رژێم بە سێ ساڵونیو حوکمیدا و دووساڵیش لەمافی مەدەنی وەك سەفەر و دامەزراندن و... هتد بێبەشیکرد.

## کورتەیەک لە زۆردارییەکانی رژێمی سووریا دژی کورد!

رژێمی سووریا لەساڵی ١٩٦٢ رەگەزنامەی لە ١٥٠ هەزار کوردی ناوچەی جەزیرە سەندەوەو پاسای تەعریبی لە جەزیرە پەیرەو کرد تا ساڵی ١٩٧٥، کەبە پشتێنەی عەربی ناسراوە، ساڵی ٢٠٠٨ ویستی تەعریبی هەندێك دێی قەزای دیریك بکات بەڵام بە گوشاری هاووڵاتیان ئەم هەنگاوە شکستی هێناو عەرەبەهاوردەکانیش ترسان و نەهاتنە ناوچەکە، لەرووی راگەیاندنیشەوە لە دەرەوە گرنگی زۆر بەم رووداوە درا .

گەر باشووری کوردستان بەکارەساتی هەڵەبجە بناسرێتەوە، ئەوا رۆژئاوای کوردستان بە تاوانی سووتاندنی ٣٦٠ منداڵ لە سینەمایەکی شاری ئامودا دەناسرێتەوە، بەداخەوە تەنانەت کوردی باشوور خۆشی زانیاری لەسەر ئەم کارەساتە نییە، ئەو رووداوە ساڵی ١٩٦٢ روویدا، رژێمی سوریا ئاگری بەردایە ئەو منداڵانە کە بۆ بینینی فلیمێك لەبارەی شۆرشی جەزائیر هاتبوون، هەروەها هەر بەرێگەی سووتاندن، رژێمی سووریا زیندانی "حەسەکە"ی بە زیندانیەکانەوە سووتاند، ئەم کارە شۆفێنییە کە تیایدا ٦٤ زیندانی گیانیان لەدەستداو چەندین بریندارو کەمئەندامیشی لێکەوتەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ روویدا. ساڵی ٢٠٠٨ بریاری ٤٩ دەرچوو بەپێی ئەم بریارە مافی کرینوفرۆشتن لەهەموو ناوچە کوردییەکان قەدەغە کرا، بەڵام تەنیا رێگە بەعەرەبەکان دەدرێن کە موڵکی کورد لەزەوی و خانووبەرە بکرنەوە. لە سووریا زمانی کوردی قەدەغەیە، گەرچی زمانی عبیدی دەخوێندرێت، لەناوچەی حەسەکەو قامیشلۆ و... هتد، ناوی کۆگاو بازاڕەکان، لە کوردییەوە بەزۆر کراون بە عەرەبی، کوردەکان ئەوانەی براناماەیان لێسەندراوەتەوە، جاران بۆیان هەبوو لەچێشتخانەو ئوتێلەکان کار بکەن، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩ وە، بریاری قەدەغەکردنی ئەو کارانەش دەرچوو. کورد بۆی نییە لە کوردستانەکەی نەك هاووڵاتی بێت، بەڵکو بارهەڵگرو شاگردیشی لێ قەدەغەیە.

## سووریا و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیی!

لەڕووی سیاسییەوە سووریا وڵاتێکی بەرگیرە، داخراوە، کەمینەیەك تێیدا حوکمرانە و دیکتاتۆریی تێیدا بەرقەرارە. سووریا پێوەندی بەهێزی لەگەڵ حەماس و حیزبوڵڵا و گرووپە توندڕەوەکان هەیەو بۆ ماوەیەکی زۆر سوپاکەی لە لوبنان بوو، ئێستاش زۆر لە بەرپرسە بەعسییەکانی عێراق لە سووریا مۆڵەتدراون، بەر لەلێدانی عێراق، ئەمەریکا ناوی سوریای شان بە شانی عێراق و ئێران و کۆریای باکوور خستە محوەری شەڕەوە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، گوشاری زۆری لەسەر سووریا دانا و ناچاریکرد سوپاکەی لە لوبنان بکشێتەوە، هەروەها راپۆرتی میلیس باس لەتێوەگلانی سووریا دەکات لە تیرۆرکردنی رەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی لوبنان.

هەروەها چاودێرانی مافی مرۆڤ چاویان لەسەر سووریا هەیەو هەندێ جار سووریا بەرووی گوشاری دەرەکیی دەبێتەوە، محەمەد حەمۆ لەم بارەیەرەوە دەڵێت: "کۆندیلیزارایس کە ئەو کاتە وەزیری دەرەوە بوو هەڵوێستی وەرگرت و داوای لە حکوومەتی سووریا کرد چارەنووسی مشعل تەمۆ دیاربیکات کە رفێنرابوو، بەمە ژیانی تەمۆ رزگار بوو. هەروەها دیپلۆماسیی ئەوروپاش هەڵوێستیان هەبوو، جگە لە برنارد کۆشنەر لە سەفارەتی فەرەنسا، لە سوریا داوایکرد کوڕی مشعل تەمۆ ببینێ و دیدارێکی لەگەڵیدا سازدا. ئەمە ئاماژەیەکە کەچاوی نێودەوڵەتیی لەسەر سووریا هەیەو سووریا ناتوانێ هەژمونی دیکتاتۆریی خۆی بسەپێنێ و لەتاریکیدا کار بکات".

## هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم جێی نیگەرانیە

حکوومەتی هەرێم نەیتوانیوە ببێ بە ماڵی هەموو پارچەکانی تری کوردستان وەك لە ژمارەکانی پێشووی هاوبیر نیگەرانی گەنجەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتمان لەهەرێم بڵاوکردەوە.... یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا دروستبووەو ئێستاش بە شانازییەکی زۆرەوە باس لە هاوکاری سوریا دەکات و خۆی بە قەرزارباریان دەزانێ، سەرانی دەسەڵاتی کوردیی، خۆیان بە قەرزارباری سووریا و ئێران و تورکیا و کوێت و .. هتد دەزانن و خۆیان بە قەرزارباری هاوڵاتیانی خۆیان نازانن، بەڵکو ئەوان قەرزاربار دەکەنەوە.

بۆیە کوردە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان دەرگاو پەنجەرەکانیان لەسەر داخراوە... محەممەد حەمۆ نوێنەری رەوتی ئایندەیە و لە سلێمانی دادەنیشێ، لەم بارەیەوە ووتی: "تائەمرۆش لێرە بەفەرمی نەناسراوین و نووسینگەمان نییە، هیچ هاوکاری مادی و مەعنەویمان نییە، تەنیا دادگەییکردنی مشعل تەمۆ وەك هەواڵێك بڵاوکرایەوە". هەروەها وتیشی "دەسەڵاتی کوردی نایەوێت دڵی رژێمی سووریا زویربکات، بۆیە ئێمەی پشتگوێخستووە، زۆر جاریش نوێنەری لایەنەکانی کوردی رۆژئاوایان ئاگادارکرووەتەوە کە دژایەتیی حکوومەتی سووریا نەکەن، لەکاتێکدا سووریا، دان بە حکوومەتی هەرێمدا نانێ و نەپێشی خۆشە کورد بوونی ئازادی هەبێت". هەروەها کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان – سەرکردایەتی باشوور لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە لەسلێمانی مۆڵەتیان پێنەدرا، هەرچەندە مام جەلال لە بەریتانیا جەواد مەلای دیبوو پێی وتبوو پەرەی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەم!

سەبارەت بە یەکێتی، تەنیا نێوانی لەگەڵ حیزبەکەی حەمید دەروێش باشە کە پێیوایە کورد کۆچەرییەو تەنیا داوای مافی هاوڵاتیبوون دەکات و پێی وانیە بەشێکی کوردستان لەلایەن سوریاوە داگیرکراوە .

**پارتیش تەنیا پارتی دێمۆکراتی کورد لە سووریا بەرەسمی دەناسێ و ئەوانیش بەبێ ئاماژەی پارتی هیچ هەنگاوێك نانێن و جگە لە پاشکۆیەك هیچیتر نین، پارتی هاوکاری داراییان دەکات و یەکێتیش مانگانە پێنج دەفتەر دۆلار دەدات بە (حەمید دەروێش) و نووسینگەکەشیان لە سلێمانیە. واتە یەکێتی و پارتی هەردوولایان هاوکاری ئەو پارتانە دەکەن کەنوێنەری راستینەی جەماوەری کورد نین لە رۆژئاوای کوردستان و، لە ئامانجی نەتەوەییش لایانداوە و داوای هەندێ مافی رۆشنبیری و هاوولاتیبوون دەکەن و پێیان وانییە بەشێکی کوردستان لەژێردەستی سووریا بێت.**



## پەیامی فیدراسیۆنی پارسان
## بە بۆنەی هەڵبژادنی نوێنەرای کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقەوە

**خەڵکی هێژا و بەنرخی باشووری کوردستان**

**سڵاوی گەرمی کوردانەت لێبێت**

لە چاوەڕوانیی دەرکەوتنی دوائەنجامەکانی هەڵبژرادنی نوێنەرانی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقدا، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەتان دەکەین و دەستخۆشیی ئەو بەشدارییە گەورەیەتان لێدەکەین، هەروەها بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بە سەلامەتی و ئارامی و بەبێ ڕوودانی کاری توندوتیژی و ئاژاوەگێڕیی بەرز دەنرخێنین.

هیواداریین نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا بە گیانێکی برایانە و کوردپەروەرانە بەرژەوەندییەکانی دانیشتووانی کوردستان بگرنە بەرچاو و دەست لەناو دەست کاربکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەنەتەوییەکان بە بێگوێدانە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی و تاکەکەسی و بۆ ئەم مەبەستەش یەکدڵ و یەکگوفتار ویەکرفتار بن.

**ئیزدانی گەورە پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت.**

**فیدراسیۆنی پارسان لە دەرەوەی وڵات**

# تاوان چییه و تاوانبار کێیه؟!



**وەرگێڕانی: ئاریا موکریانی**

بێدەنگیی تەواوی شاری بە خۆوە گرتوە و ویژدانێکی بە ئاگا نییە کە دەنگی هاواری لە نێو سینگ حەپەساودا ببیسێ. دەنگی ئاە و ناڵەی ئەو منداڵانەی کە لە دووریی باوکیان بوغزی خۆیان قوتداوەتەوە و هاواری بۆچییەکان سەر دەدەن.

**باوکی ئازیزم!**

ئەو ڕۆژانە بە بێ تۆ چۆن دەتوانم تێپەڕ کەم؟چۆن دەتوانم هەست بە بۆنی خۆشی ژیان کەم؟ بێ تۆ چۆن دەتوانم ڕاستیی ژیان تێبگەم؟ چۆن دەتوانم گەرمیی پڕ لە خۆشەویستیی دەستەکانت هەست پێبکەم و بزە پڕ لە نهێنی و ڕازەکانت ببینم و لێیان تێبگەم؟ لە نەبوونی تۆدا کێ دەتوانێ ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی باوکانەم فێر بکات؟ باوکی ئازیزم، بێ تۆ گەرمای هەتاو و ڕوناکی مانگەشەو هیچ مانایەکی بۆمان نییە.

شەوانە ئەو کاتەی نەبوونیەکانی دێنە سویمان، سەیری ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە دەکەین و نوقمی ئەو خەیاڵانە دەبین، ئایا باوکیشمان ئەم ئەستێرانە دەتوانێ ببینێ؟ ئاخۆ دەتوانین ئەستێرەی ئازادی و کامەرانی ببینینەوە؟ باوکی هێژام کێ وڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە و ئاخۆ کێ بەرپرسیاریتیی گلەیی ئەو منالانەی بە ناچاری بۆ غەریبایەتی باوکیان ڕۆیشتون وەئەستۆ دەگرێ؟

**باوکی خۆشەویستم!**



ژیان بێ تۆ بێ مانا و هیچە، دەڵێی لە سەردەمی سەهۆڵبەنداندا دەژین و بزەکانمان بە وێنەی دیواری چیمەنتۆیە، بێ تۆ ڕێگەمان لە نێو دەریای ژیاندا ونکردوە و بەلەمی ژیانمان بێڕابەرە و ژیانمان گاڵتەجاڕی بایەکە، کە لە قووڵترین زەریاکانی مردنەوە دێت.

**بابە گیان!**

ئەوە چوارەمین نەورۆزە کە لە ساڵی نوێدا، لە جێگەی شینکایی و بزە و بۆنی خۆشی گوڵانی بەهارێ، ژیانمان بە ڕەنگی زەرد و بۆنی خەم و پەژارە و ماتەمی پاییزی دەسپێدەکەین. ئەوە چوارەمین ساڵی نوێیە کە **سفرەی حەوت سینمان نییە،** چونکە تۆ نیت تا دوعای (یا مقلب القلوب و الابصار.....)مان بۆ بخوێنی، تۆ نیت تا لە نێو کتێبی قورئاندا پارەی نوێمان بە جێژنانە پێبدەی و ئێمە لە ئامێزی گەرمی خۆت بگری و بە ماچەشیرنەکانت، پیرۆزبایی ساڵی نوێمان لێبکەی، زۆر حەیف و مەخابن کە نیت.

لە هەمووی جێگەی داختر ئەوەیە کە دەزانین لە نێو سفرەی حەوت سینی تۆدا، جیا لە ساردیی دیوارەسیمانەکان، سینێکی ترتان نییە، **بەڵام ئەوەشمانزانی کە لەم چەن ساڵەدا، ئێوە ساڵی نوێتان بە سفرەی حەوت سینی سلولی تاکەکەسی، ،سەختترین ئازارەکان، سێبەری مەرگ، سروودی تەنیایی، ساڵانێک ئازار و زیف، سێبەری نگریسی دیوارەکانی گرتووخانە و سینگی پڕ لە ئاخ و ناڵە، جێژنتان گرتوە.**

**باوکی هێژام!**

بەو کارەی، لەم چەن ساڵەدا، بەرامبەر بە تۆ و ئێمەیان کردوە، هاتوومە سەر ئەو بڕوایە کە هەر مرۆڤێکی تاوانبار دەبێ دادگایی و سزا بدرێت و ئێمە لە هۆیەکانی ئەم دابڕانەی خۆمان، لەنێو هۆڵی دادگەی مرۆڤایەتیدا بە بوونی دادوەریی ویژدان، لێپرسینەوە دەکەین. لە تۆ دەپرسم و لە ویژدانە بە ئاگاکانی شار:

**تاوانی ئێمە چییە کە لە تەمەنی منداڵیدا دەبێ ئەم تەجروبە تاڵەمان بەسەردا بسەپێنن؟ لە ئەوانیش دەپرسم تاوان چییە؟! و تاوانبار کێیە؟!**

**هەورام و هەوراز وەکیلی**

"ماوەی لاپەڕە ١٣"

ڕێگە بۆ زاناو زانست خۆش دەکا و ئەوکات، زانا بە هەڵگرتنی بابەتیکی تایبەت وخاوەن سنوور و بە لیکدانەوە و تاقیکاریی، بەرەو سەلماندنی بۆچوونی فیلسوف و فەلسەفە، تێدەکۆشی و دوای گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، بۆچوونی فەلسەفی دەسەلمێنێ. کەوابوو، بناخەی بیری زانا، لە تێرامانی فەلسەفیدا خۆی ماتداوە وپێوەندییەکانیان، وەک هۆ و هۆگر وایە.

**پ (٨) – زانینی فەلسەفە پێویستییەکی گشتی و کۆمەڵایەتییە، یان زانین و بەدواداچوونی، تەنیا تایبەتە بۆ زانایان و فەیلەسووفەکانی ئەم بوارە زانستییە؟**

**و:** فەلسەفە، وەک جیهانبینی ورادەی تێرامانی هەرکەسە لەدەوروبەری، گشتییە وەک، باسیکی تایبەت وقووڵ

**پەیامی فیدراسیۆنی پارسان**
**بە بۆنەی دەستبەکاربوونی قایمقامی هەڵەبجەوە!**

فیدراسیۆنی پارسان لە دەرەوەی وڵات بە خۆشحاڵییەوە هەواڵی دەستبەکاربوونی بەڕێز گۆران ئەدهەم کاکەیی وەک قایمقامی هەڵەبجەی پێگەیشت. گۆران ئەدهەم یەکێکە لە ڕۆڵە دڵسۆز و تێکۆشەرەکانی گەلەکەمانە. بەڕێزیان وەک سەرۆکی تیمی پارێزەرانی کەیسی هەڵەبجە لە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقدا، کارێکی گەورە و پڕبەهای ئەنجامداوە و شوێندەستی دیارە.

ئێمە لە کاتێکدا گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێز گۆران ئەدهەم کاکەیی دەکەین بە بۆنەی دەستبەکاربوونییەوە، هیوامانوایە هەروەک پێشتر نموونەی دڵسۆزی بێت و لە خزمەتکردن بە خەڵکی ستەمدیدەی ئەم شارە دریغی نەکات.

پشت بە ئێزدان و بە هەوڵ وتێکۆشین و هاوکاریی ڕۆڵەدڵسۆزەکانی گەلەکەمان، هیوامان وایە کاک گۆران لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

**فدراسیۆنی پارسان لە دەرەوی وڵات**

**٢٠١٠/٣/١٧**

وشیکردنەوەی بابەتیانەی پرسیارەفەلسەفییەکان، کاری پسپۆڕانی ئەوبوارەیە. بەڵام لەبەرئەوە مرۆڤ بەکەڵکوەرگرتن لەهۆش وهەست وبەلگەهێنانەوەی ژیربێژییانە، لەگەڵ دنیای دەوروبەری بەرەورووودەبێ، هەرخوێندەوارێک، پێویستی بە هەندێک زانینی فەلسەفی هەیە، تابتوانێ، لە هۆشی خۆی، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ لەبارکردنی ژیانی وبەرەورووبوون لەگەڵ کەس ودیاردەکانی دەوروبەری، کەڵک وەربگرێ.

**پ (٩) – چ پێوەندییەک لە نێوان فەلسەفە و سیاسەتدا هەیە. مەبەستم ئەوەیە ئایە مرۆڤێک کە سیاسەت دەکات، پێوستە شارەزای فەلسەفە بێت؟**

**و:** *سیاسەت، واتا تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات!*

**لەم ڕێگایەدا، مرۆڤ نیازی بە تێرامان وبیرکردنەوەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای گەیشتن بە دەسەڵات یان هەنگاوهەڵگرتن بەرەوئامانج هەیە. هەربۆیە لەوپێوەندییەدا، پێویستە، هەندێک پرسیار بۆ خۆی گەڵاڵەبکا و بە دوای وەڵامێ ڕێک وپێکیاندا بگەڕێ بۆ ئەوە هەم ببنە چرای تێکۆشان و خۆ دوورخستنەوە لە هەڵە وپەڵەی زەق و ڕۆخێنەر وهەم بەوجۆرە لەمپەرەکانی سەرڕێگای تێکۆشان بناسێ و بە بەرنامەوە بۆ لابردنیان هەنگاو هەڵبگرێ.. کەوابوو، سیاسەتوان دەبێ شارەزای بواری فەلسەفی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی بێ و ئەگەردەسەڵاتەکەی بۆ خزمەت بەخەڵک بوی، بە دوای دۆزینەوەی باری بەختەوەری خەڵکدا هەلوەدابێ.**

**بەداخەوە لە گوڕەپانی خەباتی نەتەوایەتی ئێمەدا و، لەململانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا، خۆبەسەرکردەکانی شورش، بەجۆجاڕی فەلسەفەوژیربیژیدا، تیناپەڕین! هەربۆیە زۆر جاردوور لەبیر وتێڕامانی قووڵ، تووشی هەڵەی وەهادەبن، کەقەرەبووکردنەوەی ئەگەرنەگونج نەبێ، گەلێک دژوارە. بۆئەوە نرخی بیری فەلسەفی لای سەرکردەکانی کورد، دەسنیشان بکەین، ئاماژە بە وتوویێژێکی کورتی نێوان خۆم و مامۆستاحەسەنزادە دەکەم. من باسی نرخی ئەو زانیارییە دەکرد کە بە تایبەت، بوونی لە مێشکی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و بەرپرسیاردا، پیویستە و ئەویش، گوتی: "فەلسەفە، فەلسەفە، هیچ نیە، یانێ فلتە فلتە"!**

# نەورۆز و باکووری کوردستان

نووسینی:
نیگۆدین حسێنی

یەکێک لە تیشکەدرەوشاوەکانی ئاڵاکەی کوردستان ڕۆحی بە گوڕی لادانی ستەم و جەستە ماندووەکەی کوردو قوربانیدانە، ئەو مافەی کە ڕوخساری ڕووناکی بە مافی ڕەوا دەبەخشێ و بە هەڵهاتنی مافەکانی پشتگوێخراوی ئێمەش لەبن ستەمی بکوژاندا و لەژێر هێزی سەپێندراوی داگیرکەردا، بوێرانە لەداهاتوو رادەمێنین.

کورد لە ئەزموون بەڕابردووە تاڵوخوێناوییەکەی، ڕاستیی ئەو ستەمە هەمیشەییانەی زێدەتر بۆ ڕوون بووەتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هەراسانتر لە دەستدرێژی تەعەدای خاک و دەستبەسەراگرتنی موڵکی شەرعی و سروشتی بە هەست و هزری فراوانتر بووە. ڕۆژی نوێبونەوەی بزووتنەوەی کوردیش پێناسە بە نوێبونەوەی ساڵ و ڕۆشنایی بە خەباتی نەپساوە و مژدەی هەڵهاتنی سەربەخۆیی و ئازادیی بە هەر چوارپارچە بندەستەکە دەدات. ئاسنگەرێ لە دیرۆکی کورد، دەکرێ بەسومبلی بیرۆکەی تێکوپێکدانی جەور و ستەم و مێژووکردانەش ئەو ئەفسانانەی سروشتئاسا ئاخێندراونەتە پاڵ دەستورو چەمک و بەندەپتەوەکانی ئامادە. بۆ ئازادیی هەموو ئەو



پاگەندانەش کە لەم سەردەمەشدا بەدەم کوردەوە دەکرێ، لە کاوەیەکەوە دەستپێدەکات و دەست لە ڕووی مێژوودۆڕاوان دەوەشێنێ و ڕۆژی نەورۆز دە ناسێنێ و دەیکاتە ڕۆژی نوێبونەوەی ئازادی و ئامانجی پە پوت کردنی بە عە رە ب و تورک و فارسکردن.

**هیچ بەشێکی کوردستانیش بێبەش** لە قوربانیدان بەم ڕۆژە نەبووە و باکووری گەورەترین بەشی کوردستانیش بە درێژایی مێژووی ئە م ڕۆژ و ڕۆژگاری ساڵ بە کوڕو کچی نازداریوە لە سەر شەقامو کۆڵانە کانی بندەسەڵاتی حکوومەتی بە زۆرسەپێندراوی ترک. بە شداریی لە بەرخۆدان و قوربانی بەئاماژە لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەی کورد لە باکوور بە ڕێبەرایەتیی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە چەندساڵی دواییدا بە تایبەت ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە یەکێک لە دیمەنە قێزە و نگووەحشی گەراکانی دەسەڵاتدارانی ترک ئەنجامی دەدا کات. کاتێ ڕۆژی نەورۆز لە یەکێک لە شارۆچکەکانی نزیک شڕناق ئەنجامدەرێت دەبینرێت چلۆن نامرۆڤانە و دڕندەئاسایانە بە پێشێلی هەموو پڕەنسیپ و مافێکی مرۆڤانە دەستدرێژی بۆسەر خەڵکی سڤیل و بێچەک و بێتاوان دەکرێ و چەندین قوربانی و برینداری لێدەکەوێتەوە. دەشێ لە دیمەنێکی وەها نامرۆڤانە ئەو ڕێکخراوو دەوڵەتە یەککگرتوانەی کە لافوگەزاف بە بوونی مافی مرۆڤەوەوە لێدەدەن، هەڵوێستە مرۆڤانەییە کە یان لەم ساتەدا بنوێنن و ئەم دەوڵەتە داگیرکارە ڕسوابکەن، بەڵام ئیدارەی سەرمایە و بەرژەوەندیی بازرگانی و مەسڵحەتە نۆکەریخوازەکانیان چاوی نامرۆڤانەی بەستوون.

لە هەوڵەکانی دیکەدا، گەلێک بەردودار لە هێزە دەسەلاتدار و، پاوانخوازەکەی ترک وەشێندرا بەڵام گوێی ئەوان لە ئاست نەخواستن و ڕاستییەکاندا کپە و نایانهەوێ تێبگەن، کە گەلی کورد بەبەخشینی بەردی خەڵوزونانی سۆسیالوکردنەوەی trt 6دەخەڵەتێنن. گەرچی هێزێکی وەها و نەتەوەیەکی لەو بابەتە ئامادە بن بۆ وتەکانی موستەفا کەمال قسەی ئاهۆراش لە ژێرپێ بنێن، چاوەڕێی هیچ جۆرە مرۆڤایەتییە کیان لێناکرێ. یاسائاینییەکانی کە ئەردۆغانەکان هەزاران پێگە و ڕێگەی بۆ خوێندنی قورئانەکانی بندەستیان کردووەتەوە. دەبوایە فێری بکردنایە زمانی مرۆڤەکان کردەوەیەکی سروشتییە و لە خودانی مرۆڤەوەیە نەک بیبڕن ڕێگە بە کردنەوەی

نەدەن. بەخۆشییەوە ناتوانرێ لەم سەردەمەدا بەرگری و بەربەست لە خۆپیشاندان و بەرخۆدانەکان بکرێن.

نەورۆزان نەک لە شاروشارۆچکە کوردنشینەکان کە ئالای کورد و وێنەی ڕێبەری گەلی کورد لە باکوور و، ماندووی یازدەساڵ گۆشەی زیندانی تاکەکەسی دورگەی ئیمرالی و درۆشمی نەویستی بە ترککردن دەبینرێت، بە لکو لە زۆربە ی شارە ترکنشینەکانیش، کورد لەم سەرهەڵدانانە بێبەش نەبووە و زۆرو کەم، داویانەتەوە بە گوێی دەسەلاتخوازانی ئەو دەوڵەتەدا، کە گەلی کورد زیندووە و، لە سەرپێیە، بێسڵەمینەوە لە ئەشکەنجە و پرسیارە دووروودرێژەکانی نێوزیندان و تۆقاندن، بوێرانە گوێ، لە هیچکام لەم پروپاگەندانەی ترک دەیکا، نەگرتووە و سەربەرزانە بەرەوپێش هەنگاو دەنێت. زۆرێک هووڵ بۆناوزڕاندنی ئازادیی کوردان لە ڕێگەی میدیا درۆبازو ساختە و پووچەڵەکانی ئەوانەوە دراوە بە گرتنی کۆمەڵێ ڕێوشێواز لە ژێر دروشمی ناولێندراوی دژەتیرۆر، ئامادەیی هەوڵەکان ناتوانێ بێدەنگ بکات. لە هەموو ساڵدا ڕۆژی نەتەوەیی لە باکوور نەورۆز تاکەڕۆژی دیارو سەر هەڵدان بووە ئەو ڕۆژەش بۆ گەلێکی ستەمدیدە و ئازادینەدیو و بێزمان ڕەوا نابینرێ، بکرێتە دروشمی بۆ زیندووراگرتنی ناسنامە و ناساندنی گەلی کورد و ڕەگەز و نەتەوایەتی ماندوومان. فتواکانی ئەردۆغانی لە داڤۆس، موسوڵمانی دوروو، هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ فتواکانی فیرعەونەڕیشپانەکەی ئێران و جەللادە بەعسییەکاندا نییە، کە فەرمان بە پۆلیسە دژەشۆڕشەکان دەکات دەستیان لێنەپارێزن، تەنانەت ئەگەر ژن وپیرو منداڵیش بوون. ئەم چەمکە فەلسەفییانەی کە لەم ڕۆژگارە، لەلای ئەوان باوە و، تەنیا لە لای خۆیان و چەند دەوڵەتێکی نۆکەری دیکەوە برەوی هەیە، بزووتنەوەکانی کورد بە تیرۆریست ناسێندراوە. بیرکردنەوەی ئەوان لەوە برناکا کە خودی تیرۆریست ئەوانەن کە کوردیان ناچار بە چەکهەڵگرتن کردووە.

ئەو زوڵمە گەورە و شاراوانەی کە **خودی سولەیمان دەمیرەلێل** نزیک بە سی ساڵ لەسنووری شارە کانی **"ئەرزنجان" و "مالاتیا" و"قارەمانماراش"**ی کوردستان بەولاوە، هەموو جۆرە سەرمایە و ئابوورییەکی خزاندە ئەولاوە و ترکنشینەکانی هێندە دەوڵەمەند کردوو باکوری کوردستانی هێندە لە پرۆژە و سەرمایە سروشتی و دەستکردەکان و خوێندن و پەروەردە دوورخستەوە، کە لە یەکێک لە پرۆگرامە تی ڤی یە کاندا زوڵم و بێشەرمییان ئاشکرا کرا.

## ئەو ژنە بە جەرگەی کە ناوی لە مێژوودا تۆمار بوو!

کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە مەجلیسی پەرلەمانی ترکییە لە بەر سوێندخواردن، بە زمانی زگماکی ١١ ساڵ گۆشەی زیندان شوێنی بوو نەخوێندەواری ڕێگەی لە لەیلا زانا نە نەگرتوو هاوکات لە ساڵی ١٩٩٤ لە گەڵ گرووپێک لە هاوڕێکانی بە **ناوی خە تیب دیجلە سەلیم ساداق و ئۆرهان دۆغان** ڕەوانەی زیندانکران ١٥ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپێندرا. هاوسەری زانا، مەهدی زانا لە جولانە وە سەربازییەکەی ١٢ ی ئە یلولی ١٩٨٠ لە ترکییە دە ستبەسەر دەکرێ و ١٤ ساڵ بەم هۆیەوە لە زیندان دەمێنێتەوە. هەموو تەمەنی پێکەوەژیانی ئەم دوو سەربەرزانە، چوارساڵ بوو. لەیلا لە زیندانەوە چەندین نامە ڕەوانە دەکات، لەپێشدا لە ڕۆژنامەیەکدا و، دواتر بە شێوەی پەرتوک چاپدە کرێت.

ئەو تێکۆشەرانەی کە پەیامی ئازادی و مرۆڤانەیان بەم جۆرە چەسپاند و دایان بە گوێی ئەورووپاییەکان، بەتایبەتی و، جیهان بە گشتی دا. ئێستاکەش لە نەورۆزدا، بەبەرگی کوردییەوە بوێرانە وتە بەپێزوجوانەکانی دووپاتدەکاتەوە. دەخوازرێ لە هەلومەرجێکی وەهادا، ئێمەش بەشداریی ئەو بەرخۆدانانە بەکەین، گەر بەجەستە نەتوانین، ئەوا بە ڕۆح و هەست ببینین و شایەتیو دیتنی جەستە و سەرەبەرزەکەی تاکی کورد لە هەموو بەشەکان لە ژێر پۆستاڵی دوژمنان پێداگرترمان نەکات لە ژیانی گەرموگوڕی ناو بیناوباڵەخانەکان. بریا لە بری ڕۆژانی نەورۆزیش لە باکوور، هەموو ڕۆژێ، ڕۆژانی سەرهەڵدان بوایە ئامانجی ئازادیمان، یان بە یەکجار سەربگرێت بە قوربانیی، یان گەر مەرگیش بێت با ناومان بە سە ربڵندی لە لاپەرەکانی مێژوودا دژی ستەم بسەپێ و نەفرەت لە بێدەنگی و، ئەرێ بۆ شۆرش، دروشممان بێت و نەهی لەسەپاندنی بەرژەوەندیی ئابوری و سەرمایە و دەستی کاری بێگانە لە کوردستان بکرێ و داخوازیی گەل بهێنرێتە ڕوکاروروکەشی ڕاستی و کردار. شۆرشێکی سەربڵند، هەموومان بگەیەنێتە ئامانجی لە مێژینە و نەدیومان ئازادی

**ئازادیی کورد هەوڵدانە بۆ خۆبیبوون و، نەمریی بۆ نەورۆزی مێژوویی کوردان، کە بەدرێژایی مێژوو، گەلی کوردی تێیدا بووە بە قوربانیی، هەوڵدانە بەرەو گەیشتن بەنەرۆزێکی سەرفرازی و سەربەستیی.**

# دوای هەڵبژاردن.. مام جەلال عەرەبایەتی دەكات!

## مام جەلال ئەوەی خێر بوو بۆ کورد، نەیگوت و نەیکرد، ئەوەی خزمەتی ڕەوەنەیارانیشی دەکرد، گوتی و کردی!



موحسین جوامێر
mohsinjwamir@hotmail.com

**دەنگۆی ئەوە هەیە گوایە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، مام جەلالی بۆ سەرۆکایەتیی عێراق، کاندید کردووە..** هەڵبەت ئەم خەبەرە سەیروسەمەرە و بێناواخن نییە، جگە لەوەی حەز و ئارەزووی لەڕادەبەری خودی نێوبراو کە لە هەڵوێستەکانیدا سەر هەڵدەدا، ئەم گریمانەیە بەهێزتر دەکات

ئەم بانگەشەیە بۆ ئێمەی کورد جێگەی تێڕامان و قسەلەسەرکردنە، هاوکات ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی حوکمداران لە هەڵبژاردنی سەرکردەدا بۆ پایەیەکی ناسک، دەستوپێ سپینە، عیبرەت وەرناگرن و کوردایەتییان لەلادا یاریی کورسیکورسییانێیە و بەس. مام جەلال، کوردی لێ دەربکە، بۆ ئەوانیدیکە بێعەیب و عەیار بیست و چوار بوو، بگرە سەرۆکێکی ڕاستەقینەی بەوەفا، کە تەعبیری لە ئیرادە و ویستی ئەواندا دەکرد، بوو، بۆیە دەبێ هەرگیز لە گوێ و حەمدی ئەو دەرنەچن.. لە کاتێکدا ئەو کورسییەی ئەو لەسەری دانیشتووە و دەیەوێ جارێکی دیکەش بازی پاشایەتیی لەسەر بنیشێ، بۆ خاتری مەسەلەی کورد بوو، نەک بۆ برایەتیی کورد و عەرەب.

**مام جەلال ئەوەی خێر بوو بۆ کورد، نەیگوت و نەیکرد، ئەوەی خزمەتی ڕەوەنەیارانیشی دەکرد، گوتی و کردی، بگرە هێندێ جار هەر ڕیسوای دەکردین و بوویش بە کەواسووری بەرلەشکری ئەوانەی خۆیان مەڵاس داوە تا لە داهاتوودا بێنرختترمان بکەن. هەروەک پێشتریش وتوومە، من نازانم بەیانی ئەگەر سەرکردەیەکی سوننە یان شیعە، هەمان گاڵتەی بە قەدەری کورد کرد، گەلۆ چۆن و بە چ ڕوویەکەوە بەرەنگاری دەبین.؟ بەناشکوری نەبێ، ئێمە لە مێژوودا هەر پێمان کراوە ئەو ئاوەی سەرۆک و میر و بەگەکانمان ڕشتوویانە، چاری بکەین و ئەوجا چاوی ئاغایەکی دیکە برێژین، تا ئەویش تەقلەیەکی دیکەمان پێ لێ دەدا و ئاودیوی کەندێمان دەکا، یان وەکوو کۆسەمان لێ بێ کە مرد کفنی نەبوو، دایان دەنا جێگەی نەبوو. پێش پێنج ساڵ و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٤/١١ دا بابەتێکم بە زمانی عەرەبی لە ژێر ناوی ( من لەوە دەترسم مام جلال ببێتە سەرۆک کۆمار ) دا بڵاو کردەوە، تێیدا بەندە خۆمم لە قەرەی چەند خاڵێک دا، وەک :**

**" من  لەوە دەترسم ئەگەر مام جەلال ببێتە سەرۆک کۆمار، بکرێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی نەیاران بڵێن ئەی کوردینە تازە چیتان گەرەکە، ئەی ئەوە نابینن یەکێک لە خۆتان بووەتە سەرۆک کۆمار.! ئەمەش وەک ئەوە وایە هەموو خەبات و تێکۆشانی کوردان بۆ ئەوە بووبێ یەکێکیان لێ زلەکورسییەک وەربگرێ، نەک چارەنووسی کوردستان و نەوەکانی دیاری بکرێت.**

من لەوە دەترسم ئەم قۆناغەی ئێستەش وەک سەروبەندی پێشوو، بریتی بێ لە هەنگاوێکی هێورکەرەوە و خەوهێنەر، پاش ئەمە نەیارانی کورد لەهەموو بەڵێن و پەیمانەکان پاشگەز ببنەوە و کورد بگەڕێتەوە سەر خاڵی سفر و و ڕیسەکەی لێ ببێتە خوری.. لە ئەنجامدا، مافی کوردان کە خوێنی سەدان هەزاری بۆ ڕژاوە، خۆی لە تونێلی مافی ڕۆشنبیری و کارگێڕیدا قەتیس بکا، وەک ئەوەی بتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، یاخود میر و مودیرەکان لە خۆیان بن، ئەوجا فیدراڵییەتی شارەکان یان ئۆتۆنۆمییان بە خێر و سەدەقە دەقەبەڵ بکرێت " بەشەوتارەکە تەواو.

دوای ئەوەندە ساڵانە، ئەوە حاڵی مام جەلال –ە و ئێوە دەیبینن، چی بۆ کورد کرد و چ دەسکەوتێکی بۆ کوردستان چنی، لە غەیری سەرکزکردن و شکاندنی کوڕوکاڵی گەل و زیندەبەچاڵکردنی ئاواتەکان، بۆ خاتری ڕەوەناحەز و دوژمنانی؟ تاکە بەرهەمێ کە مام جەلال دوای ڕووخانی سەدام ئیمزای کردبێ، ئەو فیدراڵییەتی موحافەزات –ە  بوو کە برێمەر حاکمی ئەوسای ئەمریکا لە ناسرییەدا خستبوویە دووتوێی چەند بڕیارێک، کە خەریکە هەنووکە هێدی هێدی گرێی قرقرتۆکەی دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی ببێتە ماقووڵترین سیستەمی ئیداری، کوردیش هەر یەک بەلایەکدا گەنمگرد و جۆبڵاویی لێ بکات.

**ئەگەر ئاقڵانی کورد فریای ئەم ڕەوشە ترسناکە نەکەون، ئەوە بە دەستی خۆیان و بە پەتکی مام جەلال خۆ ئیعدام دەکەن. بێگومان، ئەو ماوەیەی ڕابردوو، سەنگی مەحەک بوو بۆ ئەوەی بزانرێ ئەوندەی ئەو پیاوە بۆ پاراستنی کورسییەکەی، خەمی ئەوانیدیکەی بوو و لە جەنەیان دەترسا، ئەوەندە بیری لە گەڕانەوەی تەنانەت گوندێکی کورد نەبوو .. کەوایە بۆ سەیر بێ لە داهاتوودا لە پێناوی سەرۆکایەتیدا، ئەگەر نەفرەت لە کوردبوونی خۆیشی بکا و چاکی خەبات بۆ عەرەبایەتی بەلادا بکا، مادەم غەیرە خێرێکیان پێ کرد و ڕازی بوون جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆکی عێراق؟!**

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی رۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران سالەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سووریە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێینایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان راپەڕینی یەک لەدوایەکی بەمەبەستی رزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژێنۆساید و تالانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو رابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی رزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو راستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی رژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە رێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیمۆکراتە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم روانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە پێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی راپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دیمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانی دەزانن!

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

Wka palingswich House
241 King Street
London W 6 9 L P UK.
wka@knc.org,uk
0044 – 208 748 78 74
0044 - 07768266005

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey NîŞtmanîya Kurdistan bigre!

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ برووسکە ئیبراهیم

بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

KNC@ribrahim.de Tele; 0049 – 82 33 80 61, Fax; 0049 – 82 33 61 21

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncsite.com
0047 – 93 83 99 53

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

---

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن: "سیروان کاوسی"

Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!
Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

---

ئەدرەسی ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە: کوردی (Latin)، عەرەبی، فارسی: | www.kncsite.com |
| رادیۆ رۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| رادیۆ رۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت: | http://www.radiorojava.net |
| سایتی دوکتۆر جەمال نەبەز: | http://www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: | www.jawadmella.org |